# هاتنەدەر لە ئەشکەوتی ناسیۆنالیزم: خوێندنەوەیەکی کەرنەڤاڵی باختینی بۆ داستانی قەڵای دمدمی عەرەب شەمۆ و ڕۆمانی هیچ دۆستێک، بێجگە لە چیاکانی بەهرۆز بوچانی

هێرش محمد سعید صالح
hersh.saeed@gmailcom
ماستەر لە ئەدەبی ئینگلیزی
مامۆستا لە دواناوەندیی دواڕۆژی تایبەت

حەمید موستەفا جەعفەر
majeed8686@yahoo.co.uk
خوێندکاری ماستەر لە ئەدەبی ئینگلیزی
توێژەر لە کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

چەقبەستووی و دۆگمابوون سەرەنجامی ڕێونکردن و هەڵنەکردنە لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان. چ جیهانێکیش جیهانی دوای مێتاڤێرس و دوای ژیری دەستکرد. ئەگەر ئەم دۆگمایی و چەقبەستووییەش وابەستەی ناسیۆنالیزم و یەک تەرز سیاسەت کردنی نەتەوەیی بێت لە ژینگە و بەستێنێکدا کە نابەرامبەر و نادادپەروەرە بەرامبەر نەتەوە و خاکەکەت، کە مەبەست کورد و کوردستانە، ئەوا باجە کارەساتبارەکەی چەند هێندەی دۆخێکی ئاسایی دەبێت لەچاو بیرکردنەوەی نەتەوەییانە لە شوێنکاتێکی نۆرماڵ و ئاساییدا. هاتنەدەر لەو دۆگمابوونە و دۆزینەوەی دەرچە و چارەیەکی گونجاوی ژیربیریانە کاری توێژینەوە و هەڵگۆزینە فیکری و ئەدەبییەکانە؛ کە ئێمە لەم توێژنەوەدا هەوڵی دەستڕاگەیشتن بەیەکێک لەو ڕێگاچارە و ئەڵتەرناتیڤە لۆژیکی و واقیعیانە دەدەین. توێژینەوەکەمان پێکدێت لە: پێشەکییەک، تیۆریای کەرنەڤاڵی میخایل باختینی ڕووسی وەک چوارچێوە و کۆنسێپتی توێژینەوەکە بۆ دوو بەشی کارەکە کە بریتیە لە بەشی داستانی قەڵای دمدم ی عەرەبی شەمۆ و بەشی ڕۆمانی هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکان ی بەهرۆز بوچانی. دوا بەشی توێژینەوەکەش خۆی لە ئەنجامگیری و ڕاسپاردەکاندا دەبینێتەوە؛ پاش گوشین و هەڵگۆزینەکانی ئەو دوو کارە ئەدەبیە کوردییە لەڕێگەی تیۆریای کەرنەڤاڵی میخایل باختینەوە.

کلیلە وشەکان: ناسیۆنالیزم، کەرنەڤاڵ، باختین، قەڵای دمدم، شەمۆ، هیچ دۆستێک، بوچانی، کورد، کوردستان

## پێشەکی

نەتەوەیەک هێندە کەم نییە بە ئارەزو و بێ هیچ بیرێک لەپێناو ئارەزوو هەوەسێکی دوای شۆڕشی فەڕەنسیدا کە دەوڵەت نەتەوەیە، بدرێت بەدارو بەردا و بێپەروایانە بئاژورێ لەهەر ڕێ و کوێرەڕێیەکی پڕ لەهەوراز و نشێو و بنبەست بدرێت و ببرێت. جا لە چ سەردەمێکیشدا، سەردەمی خۆشیەکانی پەیوەندی بەهەموو جۆرێکی بینراو بیستراو و گواستنەوەی کێش بە فرۆکەی خێراتر لەدەنگ و شەمەندۆفیری لە دەنگ خێراتر. لەسەردەمی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە وڵاتبڕ و سنووربڕەکان، سەردەمی هەرچی زیاتری ئاوەز و دانایی و ژیری لەپێناوی ژیاندا، چ ژیانێک ژیانێکی ئارام و بەکامی دڵ. لەجیهانێکدا

کە لەهیچ هاوبەش نەبین لە مرۆڤ بوون و کورتیی ژیانی مرۆڤ و درێژیی پەیوەندییە مرۆڤانەکان هاوبەشین؛ هاوبەشین لە ڕێگا و چارەنووسمان کە جێهێشتنی ئەم جیهانە و سپاردنیەتی بە نەوەی داهاتو.

چی جێدەهێڵین و چۆن جێیدەهێڵین، دەبێتە سەنگ و تەرازووی بڕیاری دروستی ئاقڵمەندانی نەوەی داهاتوو لەسەر ئێمەیە کە چیمان بۆ جێهێشتوون. جیهانێکی پڕ لە شەڕ و نائارامی و نەساز و نادڵنیا و وێران و خەرابات، یاخود جیهانێکی ئارام و ساز و دڵنیا و پڕ لەژیان و ژیار و ئاباد. دروشمی یا هیچ یاخود هەمووی، یان کوردستان یان نەمان؛ زیاتر دروشمی خاوەن کۆمپانیایەکی قازانجویستی قازانج بینە؛ بانگەشەی گەل و نەتەوەیەکی خاوەن ئاوەز و بیری قووڵ نییە، زیاتر لە بانگەشە و سەودای قوماربازێک دەچێت سەد فرسەخ بەدتر لە قومارباز‌ەکەی دۆستۆیڤسکی.

لەگەڵ بەرزکردنەوەی وەها دروشمێکی نالۆژیکی و بناغە پووچدا؛ کوردی باش و کوردی خراپ، یاخود کوردی نەتەوەپەرست و کوردی خائین و خۆفرۆش دێتە ئاراوە، کە لەڕاستیدا لەلایەن زلهێزانی دونیا و نەتەوە و گەلە سەردەستەکانەوە زیاتر برەو بەم چەمکانە دەدرێت وەک لە فیلمی بەڵگەنامەی کێڤن مککێرنان دا خراوەتە ڕوو؛ ئەوکاتیش ئیدی بابەتی دۆست و دوژمنی کورد دروست دەبێت و هیچ دۆستانێک بێجگە لە چیاکان دەبێتەوە بە وێردی سەرزاری گوتەبێژانی نەتەوەی کورد؛ کە خودی خۆیان و کورتبینی و کورتکردنەوەی جیهانەکەیان لە دەمارگیری نەتەوەیی و کوردبووندا یەک لە هۆکار و فاکتەرە سەرەکییەکانی مایەپووچبوون و بەنبەست گەشتنەکانی نەتەوەی کورد و کوردستانە.

ئەم دەرئەنجامە نادڵخوازانەش بۆ نەبینینی وێنە گەورەکەی جیهان و نەبینینی یاریزانە سەرەکیەکانی گۆڕەپانی جیهان و نەخشەسازانی ڕامیاریی جیهانە؛ نەزانینی ئەوەیە کە وەک چۆمسکی دەپرسێت و ناونیشانی کتێبێکیشیەتی: *بەڕاستی کێ جیهان بەڕێوەدەبات؟*

دانایی، توانایی یاخود بەرژەوەندیی زلهێزان و کۆمپانیا کیشوەرییەکان. لەولاشەوە بێئاگایی لە کتێبەکەی ڕۆجی گارودی فەیلەسوفی فەرەنسی و ناوەڕۆکەکەیەتی: *گۆڕەهەڵکەنەکانی گۆڕەکان: ئەو ژیارەی کە گۆڕ بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەکەنێت*.

مانەوە لە ئەشکەوتی دەمارگیری یەک چاو بینینی کورد و پەستین لەناو ئەشکەوت و نەبینینی تیشکانی خۆری مەعریفەت و مەعریفە بە ڕێگەچارەی تر، بە نمونەی ڕێگای کەرنەڤاڵی باختینی وەک یەک لە تیشکەکانی مەعریفە و ڕۆشنایی هاتنەدەر لە تاریکی؛ بچووککردنەوەی دونیا و جیهان لە نەتەوە و نەتەوەپەرستیدا و بەهیچ گرتنی ڕەهەند و لایەنەکانی تری نەتەوەیی کورد و تاکی کورد لەلایەن خودی کورد و نوێنەرانی کورد لە سەردەمی قەڵای دمدم و لەم سەردەمەی بێ دۆستی بێجگە لە چیاکانی کۆچی کورداندا؛ و مانەوە لە ئەشکەوتەکەدا لە ماوەی قەڵای دمدم و دەرئەنجامی ئەو یا کوردستان یان نامانە لە سەدەی بیستویەک و ئاوارەبوونی بەرەو نەوەی ئەو کوردانە لە دورگەی مانوسی نزیک ئوسترالیای کیشوەرە دوورەکەی جیهان؛ نووسینەوەی موسیبەتنامەیەکی تری کوردان و بوون بە ئاردی بن دڕکی کوردانە؛ بەهۆی نەبوونی تەکبیر و تەدبیری نوێنەرانی کورد و خاوەنانی کوردەوە.

لەوەها دۆخێکدا، دەپرسین دانایی یاخود توانایە هەتوانی دەردی کوردان؟ دیسان دەپرسینەوە؛ بۆچی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرزەمینی ژیار و پەیامبەران، ناتوانین ئەو پنتە جیۆگرافیە بکەینە شوێنی ژیانێکی شایەن و شایستەی مرۆڤ و گرۆی ئادەمی؟ بۆچی ناتوانین ئەم هەرێمە خاڵیکەینەوە لە یەک ڕەتکردنەوە و هەڵنەکردن و کوشتوبڕ؟ کە لە هیچی کەم نییە، بێجگە ئاوەز و داناییەکی مرۆڤ دۆستانەی کەرنەڤاڵی جیهانی.

sjh@univsul.edu.iq

بۆ نا ئێمە وەک کورد دەستپێشخەری دروستکردنی ڕۆژ هەڵاتێکی ناوەڕاستی کەرنەڤاڵی ببین؟!

لەو پێناوەشدا ڕاوێژ بە تیۆریای کەرنەڤاڵی باختینی دەکەین کە سەرەتا تۆو و ڕیشەی ئەم تیۆریایە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێدانی بۆ ئەم چەمک و زاراوەیە لە کتێبی *گرفتەکانی شیعریەتی دۆستۆیڤسکی* و دەڵێت: "لە کەرنەڤاڵدا... تەرزێکی [مۆدێلێکی] نوێی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا بەدامێن و تەفاسیل دادەڕێژێتەوە" (Bakhtin, 1999, p.160). هەر لەو کتێبەدا دەنووسێت: "کەرنەڤاڵ ڕێگەیەکی هەزاران ساڵەی دێرینی بینینی جیهانە وەک نمایشێکی مەزنی دەستەجەمعی. تێگەیشتن لە جیهان بەم شێوەیە، تاک لە ترس سەربەست و ئازاد دەکات؛ جیهان تا ئەوپەڕی ئاستی لە تاک نزیک دەکاتەوە هەروەها تاکەکانیش تا ئەوپەڕی لەیەک نزیک دەکاتەوە (هەموو شتێک دەگەیەنرێتە ناوچەی ئازادی پەیوەندی ئاشنا و خۆمانەبوون)... لە کەرنەڤاڵدا سەرەڕای سرینەوەی جددیەت و چەقبەستوویی؛ نە زەرەیەک هیچگەرایی، نە زەرەیەک بێهودەیی پووچ یاخود تاکگەرایی بۆهیمی بێلەزەتی، تێدا نییە (Bakhtin, 1999, p.160).

باختین هەر لەم کتێبەدا و بە دیاریکراوی لە بەشی تایبەتمەندییەکانی ژانەر یاخود چەشن؛ بەدامێنی باسی کەرنەڤاڵ و بەکەرنەڤاڵبوون لەچەند ڕۆمانێکی دۆستۆیڤسکیدا کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی باختین بەقووڵی و بەدامێنتر باسی کەرنەڤاڵی کردووە لە کتێبی *ڕابلیە و جیهانەکەی*؛ وە هێڵە گشتی و تێگەیشتنە گشتیەکانی ئەم بەشەی ئەم کتێبەش لە کتێبی *ڕابلیە و جیهانەکەی* هەیە، ئێمە زیاتر ئەو کتێبە دەکەینە سەرچاوەی سەرەکی بەشی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەمان.

ئەم چەمکی کەرنەڤاڵەش زیاتر سەر بە سەدەکانی ناوەڕاستە، سەدەی پێش کەڵکەڵەی نەتەوایەتی و دەوڵەت نەتەوە؛ سەدەی ڕابلیە و پێکەنین و کەرنەڤاڵەکەی؛ سەدەی پێش شۆڕشی فەڕەنسی شۆڕشی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و دەوڵەت نەتەوە بەتۆخی و بەتژی. ئەو تیۆریایەش دەبێتە مەیدانی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبی و لەنێویشیاندا ئەدەبی کوردی؛ بەدیاریکراویش ڕۆمانی کوردی؛ کە دوو ڕۆمان دەبنە ئەو مەیدانە و بەو تیۆریایە دەیانپشکنین بۆ وەرگرتنی وەڵامی بانگەشە و ناونیشانی توێژینەوەکەمان؛ ئەوانیش، لەلایەک، بریتییە لە ڕۆمانی *قەڵای دمدم* (١٩٦٦) ی نووسەر عەرەب شامیلۆف کە شوکور مستەفا وەریگێڕاوە تەسەر کرمانجی خواروو (سۆرانی). ئەم ڕۆمانە یاخود وەک هەندێ جاریش ناوزەد کراوە بە داستان؛ نوێنەر و گێڕەرەوەی دۆخی کوردە لە سەدەی چوارده لە ڕێگەی کوردانی برادۆست و قەڵاکەیان قەڵای دمدم.

لەولاشەوە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی لە نموونەی ڕۆمانی *هیچ دۆستێک، بێجگە لە چیاکان* (٢٠١٧) (هیچ دوستی بە جز کوهستان) بەرهەمی بێهروز بوچانی کوردی ئیلامە و بەزمانی فارسی و بە مۆبایل نووسیویەتی. ئەم ڕۆمانە یاخود یاداشتی ڕۆژانەی زیندانییەک لە زیندانی مانووس کە هاوکات وەرگێڕراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و کوردیش؛ بەیانی حاڵی کوردێکی دەربەدەری دوور لە کەرنەڤاڵە و نزیک لە ناڵین و ڕەنجکێشانە، کوردێک کە نزیکترین و ڕاستەقینەترین نوێنەری کوردی هەڵکەنراوە لەزێدی خۆی بە هۆکاری نەخستنەڕووی چاری ناچاری لەپێناو مانەوە و بەبا نەچوونی نەتەوەیەک کە دێرینترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوینە.

لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکە، پاش بینینی وێنە گەورەکەی ڕۆمانەکە و ڕووداوەکانی، کنەوپشکنین دەکەین بۆ هۆکاری سەرەکی کارەساتەکەی قەڵای دمدم و بەشوێن ئەگەرەکانی ڕوونەدانی ئەو کارەساتە و ئەگەری کران و بوونی دەرئەنجام و کۆتاییەکی جیاوازتر و گونجاوتر لەو ئەنجامەی کە لە ڕۆمانەکە و بە واقعیش ڕوویداوە. دواجار لەوە ڕادەمێنین بۆچی "بەهار هەمیشە درەنگ دەگەیشتە ئێرە، ..." (شامیلۆف، ٢٠١٠، لاپەڕە ٢٣). یاخود بۆچی "شاهەنشا، وەکو مانگ و ڕۆژ

sjh@univsul.edu.iq

هەمیشە تیشکت بەسەر سەر مانەوە بێ و تیرێژت بەهەموو دنیادا بڵاوبێتەوە، ئەمرۆ فەرمانم بەجێ هێنای، قەڵای دمدمم بەسەر کورداندا وێران و نوغرۆ کرد. سەردارخان" (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٧٦).

لەبەشی دووهەمی توێژینەوەکە، بەکورتی و پوختی دەرگیری بووچانی و ڕۆمانە ڕیزپەڕەکەی دەبین؛ ڕۆمانێک کە بەیانی حاڵی کوردێکی ئاوارەی بێچارە دەکات، کوردێک کە وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات بە مایەپووچی لە وڵاتەکەی خۆی (کوردستانی ئێران) لێی دەرچووە، بەدوای ژیانێکی جیاواز و دوور لە جیاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی و خراپ ئیدارەدانەوەیە، "لە فرۆکەخانەی تاران هەرچۆنێک بیرم دەکردەوە نەمدەزانی چی لەگەڵ خۆمدا لە ئێران ببەم. لەڕاستیدا هیچ شتێکی بەنرخم نەبوو. بەشی من لە سی ساڵ ژیانکردن و گەڕاندا لە ئێران هیچ بوو... لەوانەیە بێ پریاسکەترین (سووکبارترین) و هیچترین (دەستخاڵیترین) کۆچەری مێژووی هەموو فرۆکەخانەکانی دونیا بووم" (بوچانی، صفحه ٦٧).

ڕۆمانەکەش ناونیشانەکەی خوازەیی و ڕیشەدارە لە نەستی کورداندا؛ کە بریتیە لە *هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکان*، بە کەمێک دەستکاری لە دۆستانێکەوە بۆ دۆستێک. لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدەین لە بوون یاخود نەبوونی تیۆریای کەرنەڤاڵی باختین لە ڕۆمانەکە و گۆڕان لەدۆخی کورد بکۆڵینەوە. هەروەها بەدوای ئەوەشەوە بین کە دۆخی کەرنەڤاڵی ڕێگەی بە وەها ئاوارەبوونێکی بووچانی دەدا، گەر لەسەردەمی قەڵای دمدمەوە ئەو ڕێگەچارەیە بگیرایەتەبەر و بەجۆرێک سوودی لێ وەربگیرایە.

**کێشەی توێژینەوەکە**

ئەو کێشەیەی کە ئەم توێژینەوەیە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگای گەیشتنە چارەسەریدایە، چۆنیەتی هاتنەدەرە لە ئەشکەوتی کورتبینی و تاریکی و چەقبەستووی ناسیۆنالیزمی کوردیە پاش ئاشنابوون بە کەرنەڤاڵی باختین.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوەکە کەشفی ئەشکەوتی ناسیۆنالیزمی کوردییە لەڕێگەی ئەدەبەوە، بەدروستر لەڕێگەی ژانەری ڕۆمانەوە و هەردوو ڕۆمانی داستانی قەڵای دمدمی عەرەب شەمۆ و هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکانی بێهروز بوچانی.

**گرنگی توێژینەوەکە**

پیشاندانی ڕۆڵ و گرنگی و بایەخی ئەدەبە لە بەئاگاهێنانەوە و ڕێنیشاندەری و ئاڕاستەکردن و خستنەڕووی بژاردەی جۆراو جۆر و جیاواز بۆ بەرخوردکردن لەگەڵ جیۆپۆڵەتیکی سەخت و ڕووداوە هەستیارەکان کە ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد دەبنەوە.

**بانگەشەی توێژینەوەکە**

بانگەشەی توژینەوەکەش ئەوەیە کە بابەتی کارەسات و ناسیۆنالیزم، لە ئەدەبدا پانتاییەکی گەورەی هەیە، لە ئەدەبی کوردی کۆن و نوێشدا ئەم دوو چەمکە پێگەی خۆیان گرتووە، بەتایبەت لە هەردوو ڕۆمانی سەدەی بیستی قەڵای دمدم و ڕۆمانی سەدەی بیستو یەکی هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکان.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بانگەشەیەکی تری توێژینەوەکە ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد بێجگە لە بژاردەی شەڕ و ئاشتی بەدوای هیچ بژاردەیەکی تردا نەگەڕاون یاخود پێی ئاشنا نەبوون، بەوێنەی بژاردەی کەرنەڤاڵ کە باڵاترە لەئاشتی.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەدا میتۆدی شیکاری بەراوردکاریمان بەکارهێناوە بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی چەمک و بیرۆکەکان، لەژێر ڕۆشنایی تیۆری کەرنەڤاڵی باختیندا.

**میتۆدۆلۆجی**

کەرنەڤاڵی باختین: چوارچێوەیەکی تیۆری

چارلی ئی برێسلەر لە کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسێت، "کەشوهەوای کەرنەڤاڵی، هەستێکی پەیوەندیدار بە شادی وخۆشی. ئەم هەستی کەرنەڤاڵە؛ یەکێکە لە بەشدارییە زۆر گرنگەکانی باختین لە تیۆریایی ئەدەبی و یارمەتیدەرە بۆ وەسفی تەرزی ڕۆمانی فرەدەنگ، بەتایبەت ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی"( Bressler, 2012, p. 46).

باختین کێیەو بۆچی کەرنەڤاڵ گرنگترین بەشداری ئەدەبیەتی؟ دواتر کەرنەڤاڵ چییە و چۆن لەگەڵ کاری توێژینەوەکەی ئێمە دێتەوە و دەبێتە چوارچێوە و ئامرازی شەنوکەوی دوو ڕۆمانی توێژینەوەکەمان؟ میخایل میخایلۆڤیچ باختین لە ١٦ ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٩٥ لە شارۆچکەی ئۆرێلی باشوری مۆسکۆ لەدایک بووە. تا مردنی لەساڵی ١٩٧٥ و لەتەمەنی هەشتا ساڵی لەلایەک؛ لە گەلێک شار و ناوچەی ڕوسیای سۆڤێتیدا ژیاوە لە شارەکانی ڤیلینیۆس و ئۆدیسای سەر بەندەری دەریای ڕەش، کە یەکەمیان سەنتەری زانستی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بووە بەقودسی باکووریش ناسراوە کە زمانەکانی لیتوانیا و عیبری و یادیشی لە شارەکەدا هەبوون، دووەمیش تژی بووە لە کەلتورە جیاوازەکان و زمانی جیاوازیش؛ تا دەگات بە ماڵبەستکردنی لە تاراوگەکەی کازاخستان و زمان و کلتوری جیاوازیش لەوێ. لەولاشەوە، کانت، نیوکانتیەکان، کۆهین، زانکۆی ماربورگ و قوتابخانەکەی، کیەکێگارد، ڕابیلیە، گۆتە، دۆستۆیڤسکی و نیکۆلاسی برا گەورەی و پرسیارە سوقراتی و ئەفلاتونیەکان؛ ڕەنگڕێژی بیر و فیکری کەرنەڤاڵی و فرەدەنگی باختینیان کردووە؛ کە دواجار بەهیوای کەش و دۆخێکی فرەدەنگی و فرە زمانی و کەرنەڤاڵی ژیان و گیاندۆستیدا کتێبە مەزنەکانی وەک گرفتەکانی شیعریەتی دۆستۆیڤسکی و خەیاڵی گفتوگۆی ژیربیرانە و کتێب و تێزی دکتۆراکەی کە کتێبی هەڵبژێردراوی توێژینەوەکەی ئێمەیە واتە *ڕابیلیە و جیهانەکەی*؛ نووسیوە (Holquist,1990).

کتێبی *ڕابیلیە و جیهانەکەی* یاخود فرانسۆ ڕابیلیە و فەرهەنگی ڕەشۆکی خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس کە ناونیشانە ڕووسیەکەیەتی؛ خۆی لە دەروازەیەک و حەوت بەشدا دەبینێتەوە، کە بەشەکانی بریتین لە: یەک، شوێنی ڕابیلیە لە مێژووی پێکەنیندا. دوو، زمانەکەی بازاڕەکە لای ڕابیلیە. سێ، وێنەو شێوەکانی فیستیڤاڵی جەماوەری لای ڕابیلیە. چوار، میوانداری خەیاڵی لای ڕابیلیە. پێنج، وێنەی کرۆنیکەی باسەکە و سەرچاوەکانی. شەش، وێنەکانی لاشەی ماددی چینی خوارینگ. حەوتەم، وێنەکانی ڕابیلیە و واقعی سەردەمەکەی.

ئەم کتێبە بەشێوەکی سەرەکی لەژێر کاریگەری بیر و فیکری ئاناتۆلی لوناچارسکی و کتێبەکەی *ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پێکەنین* نووسراوە کە لەساڵی ١٩٣٥ بڵاوکرایەوە، کە ئەو کات هێشتا باختین لە مەنفاکەی دەبێت لە کازاخستان؛ ئارگومێنتی بنەڕەتی لوناچارسکی ئەوەیە کە "کەرنەڤاڵ جۆرێکە لە سەمامی ئەمان بۆ جۆشوخرۆشی خەڵکی ئاسایی؛ گەرنا لەوانەیە ئەو

جۆشوخرۆشە ببێتە شۆڕش (1984, p. xvii). شایەنی باسە، هاوکات لەگەڵ ئەم چاپە ئینگلیزیەی ئەم کتێبەی باختین، سوودمان لەم چاپە عەرەبیەشی وەرگرتووە بۆ ئیقتیباسەکان: أعمال فرانسوا رابيليه والثقافية الشعبية في العصر الوسيط و إبان عصر النهضة، ميخائيل باختين، ترجمة و تقديم سمير نصرالدين، الطبعة الاولى، 2015، منشورات الجمل بغداد_ بيروت.) ئەم دێڕەی کتێبەکەی لوناچارسکی دەبێتە سکێچی سەرەکی کتێبی رابیلیەی باختین. باختین لە دەروازە و بەشی دووهەم و سێهەم باسی کەرنەڤاڵ دەکات و دەیکاتە جێی گرنگی پێدانی لە تێزەکەیدا، بەتایبەت لەبەشی سێهەم کەرنەڤاڵ تەوەری سەرەکی بەشەکەیە و بەڕوونی خستوویەتە ڕوو.

ڕەگەزەکانی کەرنەڤاڵ و ڕەخساندنی کەشوهەوا و دۆخی فەراهەمکراوی کەرنەڤاڵی تەوەری سەرەکی نووسینەکانی بەشی دووهەمی کتێبەکەن، کە سەرای گشتی شار وەک شوێن و مەیدانی کەرنەڤاڵ، گەل و جەماوەری ڕەشۆک وەک بەشدارانی سەرەکی، قسە و گفتوگۆی دۆستانەی بێ سانسۆر و بێ پێچ وپەنا وەک دەمەتەقێی سەرەکی، سنگفراوانی و بەدووربوون لە چەقبەستووی، نەترسان و بێپەروایی، هاوار بەکامی دڵ، خواردن و خواردنەوە بەکامی دڵ، سوێند خواردن بەشتە دڵخوازەکانی بەشداربووان بەبێ ئەوەی دڵی کەس برەنجێ، پێکەنین و قاقا تا کەشکەلانی فەلەک و مۆزایکبوونی کەرنەڤاڵ؛ ئەمانە هەمووی و زیاتریش ڕەگەز و فەراهەمکارانی مانا و فەلسەفەی کەرنەڤاڵن (1984, p. 145 _195) کە لەبەشی سێهەمدا بەڕوونی و قوڵتر باسی کەرنەڤاڵی کردووە.

بۆ خستنەڕووی مانای کامڵ و دروستی کەرنەڤاڵی باختینی و فەلسەفەی کەرنەڤاڵ و داڕشتنی چوارچێوەی تیۆریەی توێژینەوەکەمان بەمجۆرە ڕەنگڕێژی دەکەین: مانای ئاهەنگ، دژە ئاهەنگ، جیاوازی ئاهەنگ و کەرنەڤاڵ، کەرنەڤاڵ لای گۆتەی شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی و کەرنەڤاڵی ڕۆما لەدیدی گۆتەوە کە یەک لە بژاردە و تێگەشتنەکانی باختینیشە لە کەرنەڤاڵ، دواتر کەرنەڤاڵ لەدیدی باختینەوە تا دەگات بە گەشتنە یۆتۆپیا و یەک ئاسمانی و یەک تەختەی شانۆی و میوانی دڵشادی خەندە لەلێو و خاوەن قاقای بەردەوامی نەمر.

باختین پێش ئەوەی باسی کەرنەڤاڵ بکات دێت باسی ئاهەنگ دەکات کە ڕەگەزێکی سەرەکی کەرنەڤاڵەو دەنووسێت، "ئاهەنگەکان (هەموو ئاهەنگێک) شێوەیەکی سەرەتایی فەرهەنگی مرۆڤایەتییە... ئاهەنگ هەمیشە ناواخنێکی ماناداری بنەڕەتی هەبووە... ڕێپێدان و پاککردنەوەی ئاهەنگ پێویستە لە ئامانجە باڵاکانی بوونی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە بگرێت نەوەک لە هەلومەرجێکی پێویستی و جیهانی هۆکارەکان. بەبێ ئەمە هیچ جۆرە کەشێکی ئاهەنگی بوونی نییە" (p. 8, 9). لێرەشدا باسی بەردەوامی ئەو ڕەگەزە سەرەکییە کەرنەڤاڵ دەکات و لەناوچوونی بەمەحاڵ دەزانێت: "ئاهەنگ ڕەگەزی سەرەکی ژیاری مرۆڤایەتییە کە ئەگەری لەناوچوونی نییە. دەکرێت لاواز بکەوێت، یاخود لە پێگەی کەمبکرێتەوە، وەلێ هەرگیز لەناوناچێت و ناسڕێتەوە" (p. 276).

دواتر دێت باسی ئاهەنگ دەکات وەک دژە ڕەشبینی و دژە دیدی نەرێیانە بۆ بوونی مرۆڤ و بەمشێوەیە ئەوە دەخاتەڕوو: "فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوای ئەنسرۆپۆلۆجی (مرۆڤزانی) هەوڵیداوە بۆ دۆزینەوە و گەشەکردنی ئاگایی ئاهەنگی لای مرۆڤ و ئەم لایەنە تایبەتەی جیهان کە ئاهەنگە، لەپێناو شکستپێهێنان و لەناوبردنی ڕەشبینی لە تەسەور و بینینی بوونگەرایانەدا" (p. 276). باختین بڕوای وایە ئاهەنگ سەرەڕای هەموو ئەو گرنگ و تایبەتمەندیانەشی، هێشتا هەر بەشێکە لە کەرنەڤاڵ و کەرنەڤاڵ کۆگا و پارێزەری ئاهەنگەکانە: "بەڵام هەتا بە مانا تەسکەکەشی، کەرنەڤاڵ لەوە زیاترە کە دیاردەیەکی سادە و دارای یەک واتا بێت. ئەم وشەیە لە تاکە چەمکێکدا ژمارەیەک ئاهەنگی مەحەلی بنەڕەت جیاواز و

sjh@univsul.edu.iq

بەرواری سازدانی جیاواز لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام هەموویان خاوەنی تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هاوبەشن... کەرنەڤاڵ بووەتە کۆگا و پارێزەری هەموو جۆرەکانی ئاهەنگ، کە زۆرێک لەوان بوونیان وەک خۆیان لەدەستداوە" (p. 218).

ئێستا دێینەسەر خودی کەرنەڤاڵ و باختین لە ڕێگەی گۆتەی شاعیری مەزنی ئەڵمانی و کتێبەکانیەوە؛ بەتایبەت گەشتی ئیتالیا و سویسرا و بەشی کەرنەڤاڵی ڕۆما لە ساڵی ١٧٨٨، نزیکترین مانای و تێگەیشتنمان دەداتێ لەسەر کەرنەڤاڵ. سەبارەت بە ڕێکخەرانی کەرنەڤاڵی ڕۆما گۆتە دەنووسێت: "کەرنەڤاڵەکە لەلایەن لایەنێکی سەرەکییەوە پێشکەش ناکرێت، بەڵکو لەلایەن گەلەوە بۆ گەل خۆیان پێشکەش دەکرێت (p. 246). دەربارەی ئەوەی لەوێ کێ و چی گرنگە دەنووسێت، "هیچ کارەساتێکی درەوشاوەی شایەنی بە پەرستشی و نزا، لەوێ بوونی نییە تا بەگەشتنی خەڵک شاگەشکە ببن. تەنها ئاماژەی دەستپێک بەسە کەدەدرێت بەهەرکەس و هەموو کەسێک بۆ ئاهەنگ گێران بەو شێوەیەی کە دڵخوازیەتی و شادی دەکات" (p. 246).

هەروەها ئاماژەبەوەش دەکات کە لەوێ و لەکەرنەڤاڵدا، هیچ پلەبەندییەک بوونی نییە: "جیاوازی لەنێوان سەردەست و بندەست بۆ ماوەیەکی کورت نامێنێت، هەموان لەیەک نزیک دەبنەوە، هیچ کەسێک باکی بەوە نییە کەچی لێ ڕوودەدات، لەکاتێکدا ئازادی و نافەرمیبوون هاوسەنگیان ڕاگیراوە بە سنگێکی فراوانی سەرتاپاگیری سەرگەرمیانەی باش" (p. 246)دێژەی دەداتێ و دەڵێت: "هەرکەسێک لە کەرنەڤاڵدا بەشداربێت خۆی گەورەی خۆیەتی و ئاسودەشە، لەبەرئەوەشە دەزانن مردن بەژیانێکی نوێ سکپڕە و، لەبەرئەوە ئەوان ئاشنان بەوێنە شادەکەی بوون و کاتەوە و دارای کامڵی بمرە و ببەن" (p. 250).

گۆتە لە کتێبی لاپەڕە نەمرەکاندا سەبارەت بە ئامادەیی حەشامەتی بەشدار دەنووسێت: "بەهیچ کەسێک مەڵێن بێجگە لە دانا، لەبەرئەوەی ئاپۆرای خەڵک ئامادەن بۆ گاڵتەکردن" (p. 250). دواتر دەنووسێت ئەوەی گرنگە ئەوە تێبگەیت لە کەرنەڤاڵدا بوون و نەبوون لەسەر تەختەی شانۆکەن و لە سەرێکی دینامیکی دیالێکتیکدان، لەبەر ئەوەیە دەبێت شادبیت و ئازادبیت: لەبەرئەوەی تۆ لە دەربارەی (بمرە و ببە) تێناگەیت. تۆ ئیتر هیچ نیت بێجگە لە میوانێکی دڵتەنگ. لەسەر ئەم زەویە تاریکە" (p. 249).

باختین لەزاری گۆتەوە دەنووسێت، گۆتە بڕوای وایە کەرنەڤاڵ شادییەکی بەردەوام و هەتا هەتاییە و تێیدا گیان و ژیان و مانای نوێ لەدایکدەبن: "لە ئاگری جەژنی یۆحەنای پیرۆز گەڕێن. با شادی بۆ هەمیشە و تاهەتایە بەردەوام بێت. هەمیشە خاکەنازەکان بەرزکرابنەوە. هەمیشە منداڵی نوێ لەدایک ببن (p. 250). لەهەمان کتێبی گەشتی ئیتالیا، گۆتە فەلسەفە و ساتی نەمری کەرنەڤاڵی و بوون باسدەکات، کە دوا ئاستی شادمانی مرۆڤ لەوێ دەبینێت: "لەمیانی ڕەوتی هەموو ئەو بێمێشکیانەدا، سەرنجمان بۆ گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ ڕاکێشرا: بولشینیلی بازاڕی خۆشی عەشقی بەیادهێنانەوە کە بەبوونمان قەرزداری ئەو شتەین؛.. هەموو ئەو مۆمە داگیرساوە پرشنگدارانە دوا تەجەلی و دوا دەرکەوتنی شادمان بیردەخەوە(p. 251. گۆتە چونکە شاعیرە؛ سروشت و کەرنەڤاڵ بەشی سەرەکی تێماو گرنگیپێدانەکانیەتی لەنووسیندا؛ هەربۆیە لەکتێبی گفتوگۆ لەگەڵ ئیکرمان، وەسفی سروشت دەکات بە گیانێکی کەرنەڤاڵی قووڵ: "لەوانەیە یەکێک جۆرێک لە یەکێتی بوون (پانسیزم، وحدة الوجود)، پاشان بەپشتبەستن بە دەرکەوتەی جیهانی، دروستکراوێک دەبینین بیرلێنەکراوە، خۆشمە، دژبوون لەگەڵ خۆ، کە دەکرێ ڕابکێشێت بۆ یارییەکی گوماناوی جددی" (p.254). دەنووسێت کە ئایا لە

کەرنەڤاڵدا گەل لەهەمبەر چی هۆشیار دەبێت: "لەهەمانکاتدا، گەل هۆشیار دەبێت لەهەمبەر هەستی، جەستەی ماددی یەکبوون و چڤاتیبوونیان" (p. 255).

هەروەها، لەهەمانکاتدا، گەل هەست بە یەکبوون و چڤاتیبوونی هەستپێکراوی، دەستلێدراوی، جەستەی ماددی دەکات. دواجار دەربارەی کەرنەڤاڵی ڕۆما گۆتە دوا مەبەست و ئامانجی کەرنەڤاڵەکە دەخاتە ڕوو، کە یەکبوونی بوونە (وحدة الوجود) و بوونی جیهانە بەیەک ئاوەز و یەک جەستە: "ئەم زۆر-سەرە و زۆر عەقڵیەت و بیرانە، کە دێت و دەچێت سەرلێشواوانە؛ لەپڕ خۆی لە جەستەیەکی باڵا دەبینێتەوە، کە مەبەستی یەکبوونە، توێنرابێتەوە و کۆکرابێتەوە لە یەک حەشامەتدا، لەشێوەیەکی ناوازەدا، تاکە جەستەیەک یەک ئاوەز و هۆش دەیجوڵێنێت" (p.255).

ڕاستە کەرنەڤاڵ زیاتر دڵخوازی بندەست و چینە بێزراو و فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگا و جیهانە، وەلێ دەرفەتێکی دانسقەشە بۆ لایەنی سەردەست و فەرمانڕەوا بۆ مرۆڤبوون و دەرچوون و ئازادبوون لە پەستان و دڵەڕاوکێی پلەو پۆست و دەسەڵات. لەم ڕووەوە باختین دەنووسێت: "وەبیریبهێنینەوە کە گۆتە، لەوەسفیدا بۆ کەرنەڤاڵ، چەندین جار جەخت لەوەدەکاتەوە کە، هەموو یەکێک لە بەشداربووانی کەرنەڤاڵ سەرەڕای جددیبوون و گرنگی پێگەی لەماوەی تەواوی ساڵەکەدا، لەم بازنەدا دەتوانێت بۆ یەکجار لەساڵێکدا، دێوانەئاسا و دژەباوانە هەڵسوکەوت بکات بەکامی دڵی (261). مەراسیمی لەتاجخستنیش دەبێتە بەشێک لەهەلی سەردەستان بۆ ڕزگاربوون لەوبارە سەنگینەی سەر شانیان: "گۆتە تێمای لە تاجخستنی مێژوویی دەناسێنێت. لەناوەڕاستی شانەخرکێ و قەرەباڵغی و پەستانی ڕۆژی کەرنەڤاڵدا: دۆقی ئالب هەمان ڕێگە دەگرێتەوەبەر هەمووڕۆژێک، دەبێتەهۆی ئیحراجی بۆ ئاپۆراکە بەکاملی، لەماوەی ئەم ڕۆژانەی شۆخی و سەرگەرمی، بیری ڕۆما فەرمانڕەوای دێرینی پاشاکان دەخاتەوە، (بەکۆمیدیابوونی ئاوەژووی پاشایەتی لە کەرنەڤاڵدا) مەیلە پاشایەتیەکەی لە کۆمیدیای کەرنەڤاڵدا (p. 247).

کەرنەڤاڵ هەلی مرۆڤ بوون و مرۆڤانە ژیان بۆ سەر دەستەکان دەرەخسێنێت و ژیانی مرۆڤانەیەن بۆ ئاساندەکات، هەروەک ئۆرهان پاموک دەڵێت دژوارە: "چەند دژوارە مرۆڤ بیت، لەویش سەختتر ژیانێکی مرۆڤانەیە. دەخوازم بە پێش و بە پاش، بە ڕۆژهەڵات و بە ڕۆژئاوا چێژ وەربگرم" (پامۆک، ٢٠٠٩، لاپەڕە ٥٧٢). هەروەها دەبێتە ڕێنیشاندەری هاتنەدەر لەئەشکەوتی فەرمی بوون و سەردەستبوون، گەیشتنە خوانی یەکسانبوون و مرۆڤ بوون، وەک پامۆک دەڵێت بەهەموو ئاراستەیەکدا چێژ وەرگرتن: "دەسەڵاتی فەرمی فەرمانڕەوای کەنیسە و دەوڵەت هەڵدەپەسێرێت، بەهەموو بەها و پێوەرەکانیانەوە. جیهان ڕێی پێدەدرێت لە ڕۆتینی (ڕاهاتنی دووبارەی ڕۆژانە)ی خۆی بێتە دەرەوە (p. 259). بەم پێیەش ژیان ئاسایی دەبێتەوە و خۆی دەبێتە شانۆ و تەختی شانۆکە لە کەرنەڤاڵدا: "بەربەستەکانی نێوان شانۆ و ژیان خۆویستانە دەسڕێنەوە. ژیان خۆی لەسەر تەختەی شانۆیە (p. 258). ئاسمان بۆ هەمووان لەکەرنەڤاڵدا وەک یەکی لێدێتەوە: "وەها، ئەستێرەناسەکان (ئەندازەزانەکان) ڕایانگەیاندووە کە، پادشاکان و گەمژەکان لەژێر هەمان ئاسماندا، لەدایکبوون (p. 261).

ئێستاش دەستوپەنجە لەگەڵ چەند تێگەیشتنێکی ڕابلیە نەرمدەکەین کە زۆربەی تێگەشتنەکانی باختینیش قەرزداری ئەون دەربارەی کەرنەڤاڵ و پلە باڵاکەی کەرنەڤاڵ کە پێکەنینە، لەو بارەوە باختین دەنووسێت: "بەدڵنیاییەوە ڕابلیە لەلایەن کۆنخوازان و کۆنپارێزانەوە هێرشی کراوەتەسەر، لەلایەن ئەوانەی کە هیچ مافێکی تایبەتیان بۆ پێکەنین دانەناوە. سۆربۆن هەموو کتێبەکانی ڕابلیەی سەرکۆنەکردووە (هەرچەندە، لەگەڵ ئەم سەرکۆنەیەشدا، کتێبەکانی دووبارە چاپ و بڵاوبوونەتەوە)؛ لەکۆتایی ژیانیشیدا، زۆر بەتوندی لەلایەن قەشە گابرێل دو پویهربو لەبەرەی کاتۆلیکەکان و؛ هەروەها

لەبەرەی پڕۆتستانتەکان لەلایەن کالڤیانەوە هێرشی کراوەتەسەر. بەڵام دەنگی ئەم کۆنەپارێزانە بەدابڕاوی و پەراوێزخراوی ماوەتەوە، لێ مافی پێکەنین کە کەرنەڤاڵ زامنی کردووە، دەنگی باڵا و بەهێز بووە (p.269). لەبەرئەوەش بووە کە ڕابیلیە ئاسوودە ماڵئاوایی لەژیانی فانی کردبوو: "سەرەڕای ڕێگری و بەربەستەکانیش... ڕابیلیە بەهێمنی و ئارامی مردووە" (p. 269).

باختین دەربارەی دژایەتی دەسەڵات بۆ پێکەن و دژبوونیان بە کەرنەڤاڵ، دەنووسێت: "دەسەڵاتی کۆن و حەقیقەتی کۆن هەوڵی فەرمانڕەوایی ڕەها و بەردەوام و بێ پچڕان دەدات... نە پێکەنینیان دەوێت و نەدەشیناسن. دوژمنە کەسیەکانیان بەدوژمنی حەقیقەتی ئەبەدی ناوزەند دەکەن و لەسەر ئەو بناغەیە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن... بێئاگا لەوەی کە کات و ڕۆژگار دەیانکاتە بوکەڵەی کەرنەڤاڵ، دەیانکات بە بوکەڵەیەکی سەرگەرمی و قۆشمە، کە گەل و خەڵک بەپێکەنینەکانیان شڕوشیتاڵیان دەکەنەوە لە مەیدانی گشتیدا"(pp. 212, 213) .

دواجار دێینەسەر گوشراوی تێگەشتنی ڕابیلیە لەسەر کەرنەڤاڵ، کەبەم شێوەیەیە: "کەرنەڤاڵ بەمانای فراوانەکەی؛ هۆش و ئاوەز سەربەست دەکات لە تەسەوری فەرمی، وە ڕێدەدات بە دیدگا و تێڕوانینێکی نوێ بۆ جیهان، تەماشا و ڕوانینێک بەبێ ترس، تەماشایەکی ئەرێنی نەوەک پوچگەرا و هیچگەرایانە، تایبەتمەندی و کەسایەتییەکی ئەرێنی هەیە لەبەرئەوەی بنەمای گوساغی و فرەبەرهەمی جیهان دەردەخات و دەخاتەڕوو. گۆڕان و بەردەوام بوون، ئەو هێزەیە کە نابەزێنرێت و سەرکەوتنی هەمیشەییە بۆ گەلی نەمری نوێ، وە نەبەزیوی و نەمریشە بۆ گەل و دیدگای نوێ. ئەمەش لەڕاستیدا پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ هێرشکردنە سەر بنکەی سەرەکی و بەهێزی سەردەمی گۆسیکی [بەبڕوای من هەر بیرێکی چەقبەستوو و دژە مرۆڤانە لەناویشیدا ناسیۆنالیزم]، کەرنەڤاڵ بەم شێوەیە دەبێتە دانانی بناغەو ئامادەکاری ڕێگاکە بۆ دڵکارییەکی (جددیەتێکی) نوێ، ئازاد، پاک و بێخەوش" (p. 274). دەشڵێت کەرنەڤاڵ نەمری و یەکبوونە: "پێویستە بەجەختکردنەوەوە بەوە کۆتایی پێبهێنرێت کە، ئاگایی کەرنەڤاڵی نەمری گەل و خەڵک بەشێوەیەکی زۆر نزیک پەیوەندیدارە بە نەمری بوونی بوون و یەکانگیربوونی لەگەڵیدا. لە جەستە و ژیانیدا مرۆڤ بەقووڵی هەست بە زەوی و ڕەگەزەکانی تر دەکات، وەک خۆر و ئەستێرەکان کە ئاسمانیان تەنیوە" (pp. 256, 257).

زیاد لەوەش کەرنەڤاڵ بە درامای نەمری ناوزەد دەکات: "کەرنەڤاڵ... ڕۆڵی درامای نەمری و لەناونەچوون دەبینێت بۆ گەل و کەسایەتییەکەی. لە جیهانی کەرنەڤاڵدا ئاگایی گەل بۆ نەمری وابەستەیە بەو هەستکرنەی کە دەسەڵات، فەرمانڕەوا و حەقیقەت ڕێژەین" (p. 256). هەربۆیە دەتوانین بڵێین؛ ئەگەر کەرنەڤاڵ نەبێ و مرۆڤ سەردەست و بندەست، باڵا و نزم خاوەن ماف و بێماف بمێنێ و چینی باڵا و نزم هەبێت و ناسیۆنالیزم و چەقبەستووی باڵدەستبێت؛ ئەوکات خەرەند خەرەند دەبێت نێوانی مرۆڤەکان و مرۆڤایەتی؛ ئەوا ئەگەر خوداش وەک گۆتە دەڵێت لە کتێبی *گفتوگۆ لەگەڵ جەی پی ئیکەرمان*: "پێشبینی دەکەم کاتێک بێت ئافرێنەر (خودا) هیچ دڵخۆش نەبێت بە مرۆڤایەتی، پێویستە لەسەری لەناوببەرێت جارێکیتر، لەپێناو ئەوەدا سەرلەنوێ بیئافرێنێتەوە و دروستییکاتەوە" (p. 253). لەناوینەبات خۆمان لەناوی دەبەین و سەرلەنوێش بینای ناکەینەوە.

بەم ئیقتیباسەی باختین و شەرحە کورتەمان بۆ ئیقتیباسەکە، ئەم بەشی تیۆریە کۆتایی پێدێنین، کە کلاوڕۆژنەشە بەسەر کەرنەڤاڵی باختین و بیر و مێشکی کراوە: "هۆشیاری مێژوویی لەناویشیدا سەرگەرمی و شۆخی لای ڕابیلیە و هاوسەردەمەکانی بە هیچ شێوەیەک جێگەی ترس نییە، ئەوەی جێگەی ترسە لایان؛ جددیبوونێکی یەکلایەنەی چەقبەستوویی

تەسکبینانەیە (p. 178). ئەوەی جێگەی مەترسی و نیگەرانیشە لای مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی کورد بەتایبەتی چەقبەستوویی نەتەوەییە بەم فۆرمەی خوارەوە: "یەک، گەڕانەوە بۆ میراتی کۆنی کورد و دەورانی میدیا. دوو، ئافراندنی دوژمنێکی وەهمی و خەیاڵی کە خۆی لە نەتەوەی عەرەب و تورک و فارسدا دەبینێتەوە؛ دانانیان بەهۆکاری بەدبەختی کوردان. سێ، زیندووکردنەوەی دینی کۆنی کوردان بەتایبەت دینی زەردەشتی و کردنە بنەمای بیر و باوەڕی کوردان لەبەرامبەر دینی ئیسلام کە وا ئەژماردەکرێ لای ئەم جۆرە بیرە ناسیونالیزمیە کوردیە کە دینی دوژمنانی کوردە" (احمدزادە، ١٣٨٦، صفحە ١٢٤).

بەبڕوای ئێمە کەرنەڤاڵی باختینی کە لەم بەشەدا خراوەتەڕوو؛ یەکێکە لەو نەرمکەرەوە و هەتوانی بەبەردبوون و برینەی کە ناوی ناسیۆنالیزمە و سەر بە مەملەکەتی ئێمە و سەردەمی ئێمە نییە، بەڵکو سەر بە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم و ئەوروپایە، کە ئەوانیش بۆخۆیان دوای جەنگی جیهانی دووهەم خۆیان لەو ئەشکەوتی جەهل و ناهۆشیاری ئەفلاتونیە ڕزگارکردووە کە ناوی ناسیۆنالیزم و چەقبەستووییە.

**بەشی یەکەم: داستانی قەڵای دمدم**

سەرەتا دوو خاڵ بەپێویست دەزانین بیانخەینەڕوو: یەک، هێمنی شاعیر لەسەر ڕۆمانەکە دەنووسێت: "چیرۆکی قەڵای دمدم نموونەی ئەدەبێکی ڕیئالیستی ڕەخنەگرانەیە کە لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر بێ وێنە نەبێ کەم وێنەیە. لە بابەتی دێرەکانی ئەم چیرۆکەدا پەردە لەسەر واقعی نەتەوەی کورد، بەلایەنی باش و خراپەدا نیشان دراوە و بۆ ئەو بێگانانەی کورد باش ناناسن بەکەڵکە" (هێمن، ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٠٨). بەبڕوای ئێمە ئەم بۆچوونە لەسەر ڕۆمانەکە زۆر دروست و زۆر ورد نییە؛ چوون ئێمە لەلایەک، خوێنەری ڕۆمانێکی یەک ئاڕاستەی کورد بەحەقزانی بێ کەموکوڕی و بێخەوشین. لەلایەکی تریشەوە، پیشاندانی خان بە دانا و زانا و خەمخۆری و مودەبیری خاوەن بۆچوونی ڕاست و پێشبینیکاری نۆستراداموسی لەهەمبەر کورددان. پێشەکی نووسەر خۆشی لەسەر ڕۆمانەکە جەختکردنەوەیە لەوەی کە لە ڕۆمانەکە خستوویەتیە ڕوو؛ یەک ئاڕاستە لەبیرکرنەوەی سەرکردەی کورد و نەبینینی واقیع و دۆخی کورد لە جیۆپۆلەتیکی خۆیدا. ڕەخنەلەخۆنەگرتن و خۆ بەحەقزانین تا ڕوودانی کارەسات و قەومانی تراژیدیا و دواتر تاوانبارکردنی دوژمنانی کورد، ئەمە لاکاتێکدایە کە هۆکاری یەکەمی نەگبەتی و نسکۆی کوردان لەقەڵا و لەو پارچەی کوردان خودی خان و دەربارییانی بوون، کە لەلایەک، خان بەردەوام بۆچوونی خۆی دەسەپاند؛ لەگەڵ ئەوەشدا لەولاشەوە، هیچ بۆچوون و تەدبیرێکی جیاواز پێشنیار نەدەکرا لە مەجلیسە ڕواڵەتی و پرسەکورگانەکانی خانۆدا.

دوو، ڕاستەقینەی ڕووداوەکە لە کتێبە مێژوویە دەست یەکەمینەکان و ڕۆمانەکە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەتایبەت لە هۆکاری کارەساتەکە و دەرئەنجامەکانی کارەساتەکە. بە مانایەکی تر، مێژوو و ڕۆمانەکە زۆر جیاواز نین لە هۆی شەڕ و دەرئەنجامی شەڕو هێرشی شا عەباس و مکوڕبوونی خانۆ لەسەر نەسازان و خۆبەدەستەوەنەدان. بەزانینی ئەوەش کە هەندێک بەدامێنی (تەفاسیلی) ورد نەبێت، کە زۆر لە دەرئەنجام و نەسازانەکە ناگۆڕێت؛ جیاوازییەکی ڕیشەیی ئەوتۆ لە ڕووداوەکاندا نییە کە زادەی خەیاڵی عەرەب شەمۆ بێت و دوور بێت لە حەقیقەتە مێژوویەکە بە گێرانەوەی مێژوونووسانی ئەو جیۆگرافیاو ڕووداوە دیاریکراوە. ئەمەش بەبەڵگەی ئەم مەقالەیە: "گێڕانەوەی کارەساتی قەڵای دمدم لە نێوان کتێبی مێژووی عالەم ئارای عەباسی ئەسکەندەربەگی تورکمان و ڕۆمانی دمدمی عەرەب شەمۆ" (پژوهشنامە ادبیات کردی، دورە ٨، شمارە ١). لەلایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر حەسەن سەرباز لە توێژینگەی کوردستان ناسی لەزانکۆی کوردستان

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە شاری سنە نووسراوە؛ کە تێیدا ڕاوێژ بە سەرچاوە مێژووییە یەکەمینەکان کراوە کە وا لەسەر قەڵای دمدم و ڕووداوەکە نووسراون.

لەلایەک، بۆ ئاسان تێگەیشتن لە ئاراستەی کاری توێژینەوەکەمان. لەولاشەوە دانانی چوارچێوەی کاری ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان کە بەشی داستانی قەڵای دمدمە و بەدروستی دانانی بەردەبازەکانی گەیشتنە مەبەستی توێژینەوەکەمان و کار لەسەر دەقی ڕۆمانەکە و وەرگرتنی ئیقتیباسەکان؛ ئەم هێڵە سەرەکیانە دەخەینەڕوو، کە ئاراستەی ئیشکردنمانە لەسەر دەقی ڕۆمانەکە: "قەڵای دمدم، قەڵای یەک ئاراستە، پێش شەڕ، ساتی ئامادەیی بۆ شەڕ، ئۆفەرەکانی شا عەباس بۆ سازان و کەرنەڤاڵ، دەمارگیری نەتەوەی و کورتبینیی خانۆ و بێچارەکردنی بنەچەی کورد، ساتی شەڕ و نابەرابەری و نایەکسانی هێزی کوردان و هێزی دژەکورد، ساتی شەڕ و دوای شەڕ؛ زەلیلی و پەرتەوازەیی و هیچ بەدەستەوەیی کورد و دیسان تێهەڵچوونەوەی بەهەمان هەنگاو و بیری پێشوو".

قەڵای سەردەمی پێش شەڕ واتە سەردەمی بوونی هیوای کەرنەڤاڵی و بەڵێ بۆ ژیان ووتن، بەم جۆرە بوو: "پێش ئەو شەڕە، جاران لە هەموو جێیان، لە قاوەخانەن، لەبازار، لە مەیدانان، لە ماڵان هەمیشە بەزم و ئاهەنگ بوو، ساز لێ دەدرا، لاوژە و بەیت و بالۆران دەگوترا... لە هەندێ جێ دەنگی توولووم و زوڕنا دەهات و لاوان شایی و ڕەشبەڵەکیان دەگێڕا زۆریان خۆش ڕادەبوارد" (شامیلۆف، ٢٠١٠، لاپەڕە ٢٥٩). دواتر شاهێدی بەریەک کەوتنی ناسیۆنالیزم و کەرنەڤاڵ دەبین، وەک لە هاتنی دەروێشان بۆ قەڵا بەڕوونی دیارە: خەڵکەکە زۆریان حەز لەسەما و زیکر و فیکری ئەو دەروێشانەبوو، هەرچییەکیان دەکرد پێیان خۆش بوو. زەمانیان نەبێ کە کوردان حەزیان لێ نەدەکرد و زەمانی داگیرکەر و زۆرداران بوو، ئیدی مەیلیان بە هەموو بەزمێکیان دەهاتەوە" (لاپەڕە ٦٦-٦٧). هەستی ناسیۆنالیزمی و دنەدان بۆ لەناوبردنی بیر و هەستی کەرنەڤاڵی، وەک دەروازە بۆ شەڕی نەتەوەیی و بەهیلاکبردنی نەتەوەی کورد. وەک لەم دیمەنەدا بەڕوونی نمایان دەبێت؛ کاتی مەشقی لاوان لەسەر ئەسپ لەلایەن هەمزە چاوشەوە، بینینی مەشقی لاوانی قەڵا لەسەر ئەسپ: "هەمزە چاوش لەخۆشییان پێی عەرزی نەدەگرت و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەلحەمدەلیلا، ئێوە کوردن، تورک نین، تورک نەدەوێران توخمی ئەسپان کەون، ئەوانە نازانن چۆن زین دەکرێن. بەڵێ مەشقی وان تەرزە کەسانمان دەدا! نیوەی عەمریان بەخۆڕایی بەبا چوو" (لاپەڕە ٥٥).

ئەم جۆرە دووانە لەسەر کورد لەلایەن عەرەبی شەمۆ و ، لەولاشەوە ڕەخنەی توندی ئۆرهان پاموک لە نەتەوەکەی خۆی لە ڕۆمانی من ناوم سوورەدا، کە دەنووسێت: "دایکی دایکم هەموو جارێک پێمی دەگوت تورکەکان زۆر جاران بێ هۆ و لەخۆڕا مرۆڤ دەکوژن" (پامۆک، ٢٠٠٩، لاپەڕە ٥٥٦). یەک ئاراستەی و هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی تیا دەبینرێت لەلایەن کاربەدەستانی قەڵاوە. دواتر ئەم مەیلە زیاتر دەبینین، وەک لەسەروبەندی ڕێکخستنی سوپا و لاوان بۆ شەڕ: "تەنها کوڕە سوورفلەکە نەبێ هاتە دوو، گوتی: "ئێمە هەموو خولامی توین، بەڵێن و بڕیار بێ ئێمەش وەکو باو و باپیرانمان لەپێناوی کورد و کوردستان بجەنگێین" (لاپەڕە ٦٠). هەروەها جەختکردنەوەی خانۆ لەو مەیلە چەقبەستووە ناسیۆنالیزمییە و نەبینینی وێنە گەورەکەی هەلومەرج و جیۆگرافیای ئەو کات. لە مەشقخانەی لاوان، وەها دەدوێ خانۆ: "خانۆ گوتی: ڕاسپاردەی باو و باپیرانە دەبێ ئەو نیستیمانەی بپارێزین. شا عەباسی و پادشای ڕۆم هەمیشە هەوڵی ئەوەیان کە لەبن باندووری خۆیانمان خەن، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە وڵاتمان لێ داگیر بکەن، بڕوام وایە ئێستاش هەر ناتوانن. ئێوەش دەبێ ڕاسپاردەی باو و باپیرانی لەبیر نەکەن" (لاپەڕە ٦١). وەک بڵێیت ئەمەریکا و ڕووسیا دژتن و دەیانەوێت هێرش بکەنە سەرت یان لەگەڵت ڕێکەون تۆ هەرێمێک بیت وەک هەرێمی کوردستان، شەڕ و جەنگ هەڵبژێریت؛ ئەمە نالۆژیکی بوون

sjh@univsul.edu.iq

و نەبوونی ژیرانە بیرکردنەوەیە؛ بەم پێدراوەش خان بە چ پێوەرێک بە کەسێکی دانا و دەوڵەتمەدار و میللەت دۆست و کوردپەروەر دەژمێرێت.

**ئێستاش دێینەسەر باسی ئۆفەر و مەیلی کەرنەڤاڵی شا عەباس لەگەڵ قەڵا و خانۆ:**

**یەکەم، سڵێمان خان قاسدی شاهانشا شا عەباس،**

یەکەم پەیک: "کە سڵێمان خان لەژیان و گوزەرانی کوردەکانی قەڵای پرسی، خانۆ گووتی: شاهەنشا پایەدار بێ، ئێمە هەمانە و نیمانە ئەو لەتە زەوییەمان هەیە، ئەوەشمان بە هەزار کولەمەرگی و دەردی سەری پێکەوە ناوە. خوا خۆی ئاگادارە خراپەی کەسمان نەویستووە و ناشمانەوێ. شا بیانووی چمان لێ دەگرێ، گوایە کەمی زەوی هەیە" (لاپەڕە ٨٦). پاش گەڕانەوەی نێردراوی شا عەباس، شا لە سڵێمان خان دەپرسێ وەڵامی خانۆ چی بووە لەسەر دانوستانەکەی نێوانیان: "ئێ باشە، خانۆی کورد چی گوت، چی نەگوت؟ قوربان، دەیگوت: ئێمە هەمانە و نیمانە ئەو لەتە زەوییەمان هەیە، ئەوەشمان بە هەزار کولەمەرگی و دەردی سەری پێکەوەناوە. شا بیانووی چمان لێ دەگرێ، چما کەمی زەوی هەیە؟ شا عەباس دۆش داما، سڵێمان خان چاوەنۆڕ بوو داخۆ شا چ بڵێ. شا گوتی: بەهارێ دەبێ لەشکرێکی گەورە و گرانی دەسەرکەم و قەڵاکەی بەسەردا نۆغرۆ و وێران کەم" (لاپەڕە ٩٠).

دووەم پەیکی شا: ناڕازیبوون و ناکەرنەڤاڵی خان، بە مانایەکی تر ناحەکیمی خان؛ لەهەمبەر ئەم نێردراوەشدا. "شا پایەدار بێ ئامادەم، چ دەفەرموون؟ شا عەباسی بە بابنۆکەری گوت: ئەو کاغەزەی پادشای ڕۆمیی بدەنێ، با بیخوێنێتەوە. قولی خان کە کاغەزەکەی خوێندەوە، واقی وڕما و سەری بادا، گوتی: شا خۆش و پایەدار بێ، ئەوە چەند ساڵە نە خەرج و باج و بێش دابین و سەرانە دەدا و نە بێکار و سوخرەکێشیش قەبووڵ دەکات. فەرمانتان چییە بەسەری دا بدەم، هەر وێستا بچم قەڵاکەی وێران کەم و بەدیلی بگرم و بۆ کوردەکانی دیکەشی بکەم بەپەندی زەمانە و ترسێکی وایان باوێمە دڵەوە ئیدی ورد و درشتیان چۆکانت لەبەر دادەن و ببنە دەستدات هەتا هەتایە" (لاپەڕە ١٧٢). شا بیری قولی خانی دێنێتەوە کە وەک سڵێمان خان نەکات کە بڵێ خانی لەپ زێڕین گوتوویەتی: "چ ما شا عاردی کەمە؟" (لاپەڕە ١٧٢). بە مانایەکی تر شا کاری یەکلاکەرەوە و مەلموسی دەوێت قولی خان دژی خان بیکات و یان بە مەرجەکان ڕازی بێت کە قورستر بوون لەوەی سڵێمان خانی نارد یاخود بیروخێنێت بەسەریاندا. چون "شا هەمیشە بیری دەکردەوە چۆن تۆڵەی خۆی لەخانی کوردان بکاتەوە" (لاپەڕە ١٨٨). هەردەبوو بگات بە سەپاندنی دەسەڵاتی شاهانشای بەسەر قەڵای دمدمدا.

پەیکی سێهەم و ئۆفەرەکەی: ئۆفەرێکی تری شا عەباس لەسەروبەندی دوا هێرش بۆ سەر قەڵای دمدم بۆ خانۆ و گەلەکەی: "شا عەبەس ... پیاوێکی ناردە کن خانۆ کە خۆی بەدەستەوە بدا و شا عەباس هیچ نیازی خراپەی لەگەڵدا نییە و دڵنیابێ لێی خۆش دەبێ و وەکو سەرۆکی هەموو کوردی ئێران بە خانی دەناسێ و هەموو مانگێکیش دە زێڕی مووچە دەداتێ و لەهەموو خێڵ و عەشیرەتەکەشی خۆش دەبێ، بەمەرجێ خۆی بەدەستدای بزانێ و دان بە شاهەنشایەتیی ئەودا بنێ" (لاپەڕە ٢٤٧).

گەیشتنی قاسیدی شا عەباسی بۆ لای خانۆ لەسەروبەندی دوا هێرشدا: "کابرا هەستا سێ جاران کوڕنوشی برد، گوتی: سوپاس بۆ خوای گەورە کە بە سەلامەتی گەیشتنە حزووری جەنابتان. خانم پایەداربێ، من شا عەباسی ناردوومییە خزمەتتان، کە پێت ڕابگەیێنم ئیدی شەڕ نەکەی، ئەویش بە سوێندی قورئان بەڵێنی دەداتێ کە لەشکری خۆی بکێشێتەوە و

sjh@univsul.edu.iq

جەنابت بەخانای کوردستانی ئێران بناسێ، دەست نە لە خۆت و نە لە عەشیرەتیشت نادا و هەموو مانگێک دە زێریشت مووچە و سەوقات دەداتێ. تۆ هەر هێندە بدە دەستدای شاهەنشای" (لاپەڕە ٢٤٨).

وەڵامی خانۆ: "خانۆ بەقسەی قاسیدی شا عەباس زۆر تووڕەبوو، گوتی: بڕۆ، بە شا عەباسی بڵێ:.. لێمان گەڕێ و قۆشەنمان لەسەر نەکا و گەڕی لە گەرمان نەئاڵێنێ. ئەو پارچە عەرزەی باو و باپیرانمان لێ داگیر نەکا... بە شا عەباسی بڵێ: ئەگەر قبوڵ ناکا و لێمان ناگەڕێ تا یەکمان ساخ بێ هەر شەڕێ دەکەین" (لاپەڕە ٢٤٩). لەلایەک، بەهەندوەرگرتنی هاوسەنگی هێز و بڵندپەروازی شا عەباس و هەوڵی لەپێناو کەم نەهێنانی لەئاست سوڵتانی ڕۆم و عوسمانیەکان و ڕەنگرێژی نوێی جیۆپۆڵەتیکی ئەو کاتی ئەو ناوچەیە لەنێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەوە، لەولاشەوە، خانۆی کوردان و ملنەدانی بۆ چارەیەکی کەرنەفاڵی لەپێناو گەل و سەرزەمینی گەلەکەی. دیسان ئۆفەرەکە لەلایەن خانۆ ڕەتکرایەوە و شەڕ و تەسکبینی کردە دوا چارە.

هەڵوێست و کاردانەوەی شا عەباس شێوەی شێرێکی بریندار‌ی غروور شکاو بوو لە بیستنی وەڵامەکەی خانۆ: "کاتێکی قاسدی شا عەباسی گەڕایەوە، وەڵامی خانۆی پێ ڕاگەیاند، شا لە ڕکان لەجێی خۆی ڕاپەڕی دەستی بەهاتوچۆ کرد، گوتی: چۆن؟ کەواتا کوردێکی چیایی سەر بۆ من دانانەوێنێ و بەدەستداییم ناقاییلە. ئەدی کێ عەشیرەتی لوڕ و بەختیاریی هێنا ژێر بار و خستنییە سەر ڕێگای ڕاستی؟ سا سوێندم وابێ دەبێ تۆش بێنمە ژێر بار" (لاپەڕە ٢٤٩).

خانۆ، دەکرا باشتر لەگەڵ ئەم کەشی دانوستانە مامەڵە بکات و گەورەتر و دوورتر بیری بکردایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی نەکرد وە نەیتوانی ببێتە کەریم خانێکی تری زەند، کە "کەریم خانی زەند کوردێکی لەک بووە، فەرمانڕەوایەکی مێژووی ئێرانە کە دوای کوشتنی نادر شا خۆی گەیاندووەتە دەسەڵات، لە ساڵی ١٧٦٥ هاتووە بۆ شیراز و بەفەرمیی خۆی وەک وەکیل و بریکاری خەڵکی ئێران ناساندووە. کونسوڵی ڕوسیا لە ڕەشت دەربارەی نووسیویەتی خەڵک لەبەر ڕەفتارکانی خۆشیاندەوێت. بەپێی کتێبەکەی جان ر. پێی بێت، بەناوی *کەریم خانی زەند* خزمەتێکی گەورەی بە ئێران و گەلانی ئێران و لەنێویشیاندا نەتەوەکەی خۆی کورد بەگشتی و کوردانی لەک بەتایبەتی کردووە. تا ساڵی ١٧٧٩ حوکمرانی تەواوی ئێران بووە. ئەمە بە زانینی ئەو ڕاستیەش کە سەرەتا سەرکردەی هۆزێکی شوانکارە بووە لە دێ و ناوچەی پەری کوردستانی ئێران لەدایکبووە" (١٣٩٨، صفحة ٣٩-١١٣). ئیدی هەموو ئاماژەکان بەرەو شەڕن، بەتایبەت پاش ڕەتکردنەوەی دوا ئۆفەری شا عەباس و تووڕەبوونی لەڕادەبەدەری شا لەو لوتبەرزییەی خان. شەڕێک کە یەک، ناهاوسەنگ و نابەرانبەرە. "کوردەکان لە بەرامبەر ئەو لەشکرە گرانەدا چییان پێدەکرا" (لاپەڕە ١٧٥).

ئەمە چەندین جار لە مەیدانی شەڕ و لەپێش شەڕ لەسەر زاری چەندین جەنگاوەری کورد و پیری کورد ئاماژەی پێدەکرا، بەڵام گوێیەک نەبوو بۆ بیستن؛ خانێک و میرێک سواری سەری خۆی بوو بوو، نەتەوە گەلەکەی زۆر گرنگ نەبوو بەلایەوە. خودی خانیش خۆی ئاماژەی بەو ناهاوسەنگی هێز و نابەرامبەری سوپاکان کردبوو، لەساتی شەڕی سێهەمدا: "بەڵام ئەمجارە، بەقسەی جاسووسەکانمان، لەشکرەکە لە کێشدا نییە و یەکجار گەورە و گرانە و چەک و جبەخانەکەی لە وزەدا نییە. دەڵێن، ئەم جارە تەنیا هەر سوارە نییە، پیادەیەکی بێشوماریشی لەگەڵدایە" (لاپەڕە ٢١٠).

دوو، بابەتی دڵسۆز و خاین سەرهەڵدەدات. وەک بە دڵسۆز و دلاوەر زانینی شەباب و بە خاین زانینی نەبی ئەتروشی، سوتۆ بەگ چاوساغی حوسێن بەگ سەرداری لەشکری هێرشکار بۆ سەر قەڵا... هتد

سێ، هەستی نەتەوەی و ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی دەمەزەرد دەکرێتەوە وەک بەنزین کردن بەسەر ئاگری ڕەوایەتی شەڕ و ناڕەوای کەرنەڤاڵ. وەک ئەم نموونەیە: "مراز... ئینجا دەستی لەبناگوێی نا و دایە چریکەی گۆرانی:

کوردستانە، کوردستانە، کوردستانە.

پرت چیا و لێر و دەشت و مێرگ و چیمەن و گوڵانە،

جێگای ژیانی خۆش و سادەیی و کەیفانە

جێگای شایی جحێڵ و کیژ و کوڕانە

خوا وەرگەڕێ تەختی پادشای ڕۆمی و شای ئێرانە.

هەموو ساڵێ بەسەرماندا دەدەن بەقۆشەن و لەشکرانە

هەر شینگەی شیر و مەتەڵ و کۆسە میسرییانە،

هەربۆ وەی کە لەبن چەنگاڵی خۆ ئاوێن ئەو زۆرداران

(بەڵام هەیها، ئەو خەونە و قەت بەدی نایە بۆیانە) (لاپەڕە ١٩٧)

ئیدی شا فەرمانی زوو گرتنی قەڵای داو بۆ ئەو مەبەستەش دڵڕەقترین و فێڵبازترین فەرماندە سەربازیەکانی ئێرانی کردە فەرماندارى ئەو هێرشە، کە سەردار خان بوو، کە پێشتر لوڕ و بەختیاری تێکشکاندبوو، چۆن شکانێک زەلیلکردنی بەرێزترین مرۆڤەکانیان و کردنە سۆزانی ئافرەتە داوێنپاکەکانیان، وەک محەمەد عومەر عوسمان ژەنراڵی پایز دەڵێت: شەڕ ئافرەتی داوێنپاک دەکات بەسۆزانی. بەم جۆرە: "عەشرەتی لوڕ و بەختیاری تێکشکان و دەبن باندووری شای ئێران کەوتن. بێ ئینسافی و دڵڕەقی کابرا لەوەدا نەبوو، هەرچی پیاوی گەورە و بەڕێزی ئەو عەشیرەتانە بوون هەمووی لەناو دان و لە ناهەق خوێنێکی زۆری ڕشت" (لاپەڕە ٢٥١).

بەداخەوە وەک دواتر دەیخوێنینەوە وەها چارەنووسێکی دڵشکێن و ڕۆح پسێن چاوەڕێی قەڵا و دانیشتوانەکانی دەکات. دەبینین خانۆ سوودی لە پەند و چیرۆکە قورئانیەکانیش نەبینیوە سەرەڕای خۆ بەقورئانخوێن زانینی؛ گەرنا هاوشێوەی شاژنی سەبەء بڕیاری دەدا ئەگەر بەرامبەرەکەشی سولەیمان نەبێ، چوون خۆی بە سولەیمانی سەردەم دەزانی شا عەباس؛ شاژنی سەبەء بەلقیس ئەم تێگەشتنەی هەبوو: "قالت إن الملوك إذا دخلوا قرية أفسدوها وجعلوا أعزة أهلها أذلة و كذلك يفعلون" (34 النمل). ڕەوش و ڕێکاری پادشایەتی بەو شێوەیە کە خراپەکاری دەکەن و مرۆڤە چاکەکان زەلیل و گرگن دەکەن، کە بدەن بەسەر ئاواییەک و بیگرن. بەڵقیس لە ماڵی پادشا گەورە بوو بوو وە ئەو ڕاستیەی بەچاوی خۆی بینی بوو و بەگوێش بیستبووی. لەم ڕووەوە، ئەم قسەیە وەک پشتڕاستکردنەوە لەسەر ژیان و حاڵی پادشایان، ختسەڕوو" (الجابری، ١٤٠٠، صفحە ٥٠٣). لەبەرئەوە بڕیارە دروستەکەی دا، بە سازان و چارەی کەرنەڤاڵی لەگەڵ سولەیمان هەڵبژارد.

ئیدی عەدی تەنازولی چارەنووسە ڕەشەکەی کوردان لەو پنتەی نیشتیمان دەستی پێکرد بە یەک، کشانەوەی سەرجەم هێزەکان بۆ قەڵا. دوو، گەمارۆدانی قەڵا. سێ، برسیکردن و تینوکردنی ئەهلی قەڵا لەنێویشیاندا بڕینی سەرچاوە ئاوییەکانی کە دەچوون بۆ قەڵا. چوارەم، هێرشکردنە سەر قەڵا و وێرانکردنی و زەلیلکردنی مرۆڤە بەڕێزەکانی و کۆتایهێنان بە

خەونی دڵدارانی پێک نەگەشتووی وەک شەباب و دلبەر و هەزارەهای وەک ئەوان. پێنجەم و دواجار، ئاوارەبوون و کۆچکردن وەک یەکێک لە دەرئەنجامە ڕەشەکانی شەڕ و ناکەرنەڤاڵی.

ئەمەش دوا دیمەنی قەڵا و بەدینەکرنی هیچ هێما و ئاماژەیەکی کەرنەڤاڵ بەهۆی شەڕەوە لەلایەک؛ لەولاشەوە بەهۆی کورتبینی و نەگرتنەبەری ڕێگەچارەی تر بێجگە لە شەڕ لەلایەن خانۆ، بەوێنە وەک کەرنەڤاڵ بەمانا باختینیەکەی. "بەڵام قەڵا ئەو قەڵای جاران نەبوو، نە دەنگی سازبەند، نە دەنگی زوڕنا و تۆڵۆم؛ نە دەنگی سترانبێژ و خۆشخوان، نە قاقای پێکەنین و نە بزەی سەر لێوان، نە تاسەی ژوان و بەڵێن، نە تەدارەکی شایی و بووک، نە خەنەبەندان و نە جل هەڵگرتن، نە زیاترە و دەسەوای کیژۆڵان، نە کۆڕی کوڕوکاڵان، نە بێنە بێنەی دەیوەخانان، هەموو شت ڕەنگی پەڕیبوو،ترووسکە لە هەموو چاوان کوژابووەوە، ئاوات و هەویا تاسا بوو. جار جار گوێت لە ورتەی پیرەژنێک دەبوو و هیچی تر" (لاپەڕە ٢٦٠).

بەکورتی داستانی قەڵای دمدم، موسیبەتنامەیەکی تری کوردە، کە بەهۆی لەلایەک، چاوچنۆکی شا عەباس و ئیمپراتۆریەتەکەی. دوو، دەستەپاچەیی خانۆی لەپزێرین لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ژیربیرانەی وەک کەرنەڤاڵ. دواجار، دووپاتبوونەوەی مانەوە و چەقینە لە ئەشکەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی بە هەمووی دەرئەنجامە نەرێنییەکانیەوە.

**بەشی دووهەم: هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکان**

سێ خاڵ باسکردنیان لەسەرەتای ئەم بەشەوە بەکەڵکە؛ لەلایەک، بۆ ئاسان تێگەشتن لەم بەشە ؛ لایەکی ترەوە، بۆ چوونە ناو دەقی ڕۆمانەکە: یەک، ئەم ڕۆمانە وەک یەکێک لە ئەنجام و بەرهەمەکانی کارەساتە هاوشێوەکانی قەڵای دمدم و شەڕ هەڵبژاردن و بیرنەکردنەوەی دوور مەودا و لەبەرچاو نەگرتنی لێکەوتەکانی پاش شکست و شەڕی نابەرامبەرە. وێنەی ئەمەش دەتوانین لە سات و دوای دروستبوونی ئێرانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ گەلانی ئێران ببینین؛ وەک ململانێی نێوان ئەحمەدی موفتی زادە و ئایەتوڵلا مەردۆخی لەسەر شێوازی پەیوەندی و پشتگیری ئایەتوڵلا خومەینی لەلایەک. (تەیفووری، ٢٠٢٤، لاپەڕە ١٩٣ـ١٩٤). لەولاشەوە، پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خراپ بەڕێوەبردنی ئەو هەلومەرجەی کە دوای ئەو شۆڕشە دروست بوو. ئەم بێ تەدبیری و نەخوێندنەوەی واقیعەی دواییەش وەک زنجیرەی درێژکراوەی بێ تەدبیری خانۆ؛ زیاتر کاریگەری لەسەر کۆچ و دەربەدەری بوچانی و هەزاران لاوی وەک ئەو هەبووە.

دووهەم، بۆ ئەم بەشی دووهەمە کە ڕۆمانی *هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکان*، کە ڕۆمانی کارلەسەرکراوی ئێمەیە؛ سەرەڕای بەردەستبوونی چاپە ئینگلیزی و کوردیەکەی ڕۆمانەکە، چاپە فارسیەکەی چاپی کارلەسەرکردنی ئێمە بووە، ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەک، چون بێهروز خۆی ڕۆمانەکەی یەکەمجار بەفارسی نووسیوە؛ هەرچەندە چاپە فارسیەکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کەوتووەتە دوای چاپە ئینگلیزی و کوردیەکەی. دووهەم، لەبەرئەوەی بەبڕوای ئێمە چونکە لەبنەڕەتدا ڕۆمانەکە بەفارسی نووسراوە، لەو چاپەدا زیاتر و کامڵتر هەست و لەمسی قووڵ و ڕەهەندەکانی ئازار و غەمە قووڵەکانی نووسەر و تاکی کورد دەکەیت؛ چون بێهروز بە فارسیش باشتر توانیویەتی گوزارشت لەخۆی بکات.

سێ، زیادەڕەوی نییە گەر بگوترێت ئەم ڕۆمانە، دەتوانرێت ببرێتە قاپی خودا و بگوترێت ئەمە ڕۆژانە و ژیانی دونیای مرۆڤی کورد بووە ئەی خودایە لە ژیانی دونیادا. دواتر بە کاربەدەستانی جیهان و نوێنەرانی کورد؛ بوترێت ئەمە نمایانی حاڵی کوردە دوور لە زێد و نیشتیمانی خۆی؛ ئەمەیە ئەو کوردەی ئێوە یاریتان بەژیان و چارەنووسیەوە کردووە. وەک چۆن

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دۆستۆیڤسکی جارێک لەنامەیەکدا بۆ دۆستێکی نووسیبووی دەتوانرێت لەو دونیا ڕۆمانی *دۆن کیشۆت* ببرێتە قاپی خودا و پێی بگوترێت: ئەمە بوو ژیانی حەقیقی مرۆڤ لەسەر زەوی.

هێڵەکانی کارکردن لەسەر ڕۆمانەکە لەم بەشەدا بەم شێوەیە دەبێت لەپێناو دۆزینەوەی وەڵامی بانگەشە و ناونیشانی توێژینەوەکەمان: "نووسین وەک فریاد ڕەس بۆ ڕاوی ڕۆمانەکە، ڕووبەڕوو لەگەڵ زەریا: کورد بەرامبەر جیهان، نۆستالۆژیا بۆ کوردستان، زیندان شوێنی بێ کەرنەڤاڵی و بێ مانا و گەشتنە سفر پلەی کەرنەڤاڵی و پیسایکردنە سەر گوڵ و ڕاهاتن بە تاریکی و بێزار بوون لە بۆنی زیندان تا ڕادەی خۆلەبەینبردن، ساتە مەیلەو کەرنەڤاڵیەکانی زیندان و درێژەنەکێشانی و بەهەبابوون و چوونەهەوای: لە مەیسەم فاحیشەوە بۆ پاڵەوان و بۆ برسی یاخود یەکەمی ورگزل، جیاواز بیرنەکردنەوە و نەبوونی بیری جیاواز بەوێنەی بیری کەرنەڤاڵی لای سەرۆک، مردنی زەبەلاحی میهرەبان لە زیندان تا دەگات بە بەڵێ بۆ ژیان و کەرنەڤاڵ وتن لەساتی وەرگرتنی ژەمە دژە نەخۆشیەکان".

گەشتنە مانووس، پاش چەرمەسەریەکانی ڕێگای ئەندۆنیزیا و زەریای هێمن، بە پەرجو گەیشتنە ناوچە ئاویەکانی ئوسترالیا، چ مرۆڤیک گەشتووە، چ جۆرە مرۆڤیک گەشتووە و چۆن؛ بەم جۆرە دەگاتە ئوسترالیا و سەرەتا دورگەی کریسمس و پاشان بۆ دورگەی مانووس کە ئەو کات سەربە ئوستراليا بوو، کە نەک بێ پریاسکە، بەڵکو بێ گۆشت و تەنها ئێسکەپەیکەرەکەی مابوو، "تەواوی دیمەنەکە (تەختەی شانۆکە) بریتی بوو لەمە: ئێسکەپەیکەرێکی چاو سەوز، کتێبێکی شیعری تەڕبوو بەدەستەکانیەوە و پێیەکانیشی بەزۆر خزێنرابوونە ناو یەک جووت نەعلی بێ پەنچەوە" (بوچانی، صفحه ٦٨).

مانووس کوێ بوو، کە مرۆڤی کورد پاش ئەو هەموو دەردیسەریانە و جێهێشتنی دونیایەک خەون و سەرزەمینێکی کەرنەڤاڵی؛ هێندە ڕەنجی بۆ کێشابوو تا پێیبگات:«لەو کاتانەدا نەمدەتوانی هیچ کارێکی تر بکەم، بێجگە لە قبوڵکردنی ئەو حەقیقەتەی کە بڕیار بوو هەمان ڕۆژ بۆ دورگەی مانوس، لە ناوەڕاستی زەریایی هێمن دورمخەنەوە.» (صفحه ٦٩)

دورگەی مانووس زیاد لەهەرشتێک زیندانی لێ بوو، هۆکارەکەشی دوو شت بوو، یەک، زۆری ڕێژەی کۆچبەران. دوو، سیستەمی بەڕێوەبردنی دوورگەکە کە کاتی گەشتنی ڕاوی ڕۆمانەکان(بێهروز) لەژێر حوکمی ئوسترالیادا بوو دواتر و پاش چەند ساڵێک کەوتە ژێر حوکمی سەربازی پاپو نیو گینیاوە. سیستەمەکەش ناچارکردنی گەڕاندنەوەی کۆچبەران بۆ ئەو شوێنەی لێوەیهاتبوون یاخود بۆ هەتایە بە دیلی لەوێ کولەمەرگانە ژیان بکەن. مانوس چوار زیندانی سەرەکی لێبوو، ئەوانیش فۆکس کە ڕاوی ڕۆمانەکان لەوێ بوو، مایک، ئۆسکار، دێلتا بوون. وەک ئاماژەشمانپێدا هەمیشە زیندانی نوێی لێ دروستدەکرا. چ زیندانێک، سەخت وتاقەتپڕوکێن:«خودایە زیندان چەنێک وەحشەتناکە! چەنێک سەختە! چەنێک بێڕەحمە!» (صفحه ٢٠٣)

مانەوەی زۆر لە زیندان و دۆخی برسیەتی لەوێ چی لە هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤی کورد کردبوو، لەکاتێکدا باس باسی خۆڕەوشتی باشی کوردەکان و بوونی ڕێزی زۆر لەنێوانیاندایە؛ دواتر دەڵێت برسیەتی هەموو ئەم شتانەی لەناوبرد لە زینداندا:«لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بناغە بەهێزەکانی ڕێز بە هاونەتەوەت لە فەرهەنگی ئەوانیشدا لەبەرامبەر برسیەتی ڕۆژبەڕۆژ کاڵدەبوویەوە و هیواش هێواش پەردەکان دەپێچرانەوە و نەدەمان.» (صفحه ١٩٨)

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بڵاوبوونەوەی پوچگەرای و هیچگەرای لە زیندانی مانووس، ئەویش بە پیسایکردنە سەر گوڵەکان گەیشتە پلەی باڵا کە ڕەنگدانەوەی ئەوپەڕی پوچگەرای و هیچگەرایی بوو لەوێ، کە لە کەرنەڤاڵدا بەزەرەش جێی ئەم جۆرە بیر و فیکرانە نابێتەوە:

«سیستەمی فەرمانڕەوا بەسەر زیندانەوە پەیوەندی و کەشێکی سەرسوڕهێنەری بۆ پەیڕەوکردن و هەڵگرتنی ڕەفتاری نزم و ئاژەڵی لەلای زیندانیەکان، هەبوو. هەر ئەو دەستشۆرە پیس و پۆخڵانە بووبووە هۆی ئەوەی کە ئەم کورە و چەندەهایی تر لەجێی ئەوەی میز بکەنە شوێنی دیاریکراوی میزکردن، واتە دەستشۆرەکان، پێیان باشتر بێت میزبکەن بەسەر ئەو گژوگیانەدا کە ئەملاو ئەولایان گوڵێکی زۆری زەرد و سوور شکۆفەیان کردبوو: چەند کردەوەیەکی بێزراو و ناپەسندە مرۆڤ میز بکات بەسەر گوڵەکاندا. وە ئەمەش تەنها یەک نموونە بوو.» (صفحە ١٣٥).

ئەم پوچکەراییە و هیچکەرتییە تا ڕادەی بێزکردنوە لە مرۆڤ بوون هاتبوو، هاوشێوەی ڕشانەوەکەی سارتەر، چوون دۆخی تەوالێت و دەستشۆرەکانی زیندان بەجۆرێک بوو:«بۆنیان هێندە بێزارکەر و تاقەتپروکێن بوو کە شەرم لە مرۆڤبوونی خۆت بکەیت.» (صفحە ١٤٨)

لەوێ لە مانووس دوا بزمار لە هیوای کۆچبەران درا، بە بێهیواکردنی کۆچبەرانی دانیشتووی زیندانەکانی مانوس لەلایەن وەزیری کۆچ و کۆچبەرانەوە:«ئێوە هیچ هەلێکتان نییە، یاخود بۆ وڵاتەکانتان دەگەڕێنەوە وە یاخود بۆ هەتاهەتایە لە ناو مانوس ژیان دەکەن.» (صفحە ٢٥۴)

ئیتر ئەمە دۆخێکی دروستکرد، مرۆڤی ئەو شوێنە بە تاریکی ڕابێت: «ئێستا ئیتر چاوەکانم بە تاریکی ڕاهاتبوون.» (صفحە ٢٠٨)

کۆچ و زیندانی هاندەران، شوێن و ڕێگای لەناوبردنی هەست و بیری کەرنەڤاڵییە، سەرەتا بەدابڕان لە سرووشت و جیۆگرافیای فەراهەمی کەرنەڤاڵ دەستپێدەکات، دواتر بەسەرقاڵی لە خۆرزگارکردن لە زیندان و دواتر هەستی نامۆبوون و غەریبی و تا دواجار ماڵئاوایی لەتووەکانی کەرنەڤاڵی کە لەمێشک و خەیاڵدا هەن و چاوەڕێی ژینگەی گونجاون بۆ سەوزبوون و هاتنەدەر؛ بەڵام لە ژینگەی زیندان و تاراوگە و ئاوارەیی ئەو دانە و توانەش بۆ هەتاهەتایە سەردەرناهێنن و چەکەرەناکەن و گۆڕغەریب دەبن؛ بەتایبەت ئەگەر کوچەکە پاڵنەری نەتەوەی هۆکاری سەرەکی کۆچەکە بێت وەک سەرباری هۆکارەکانی تر. چوون کۆچ هۆکاری زۆرە لەوانە ئابوری وەک لە هیندستان و نمایانبوونی لە فیلمی دونکی؛ وەلێ کۆچکردنی کوردان هۆکاری نەتەوەی زیادە هۆکارە لە چاو کۆچ لە جیهاندا.

بەزانینی هەلومەرجی زیندان و شێوازی گەیشتن بە وڵاتی دڵخواز؛ دەستکردن بە بەراوردکردن و بینینی هەموو شتەکان بە جیاواز، دەستپێدەکات، هەڵبەت لەم بەراوردەش کوردێکی خاڵی دەست بگاتە وڵاتێکی غەریب و زمان جیاواز، تای تەرازوەکە بەلای کوردستان و جیۆگرافیا و سرووشت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و بەها باڵاکانیەتی، لێ بەدەر لە سیاسەت و ئیدارە:«خۆر لە کوردستان میهرەبانترین ڕەگەزی سرووشت بوو. لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، لە دامێنی چیاکان و گردە قەشەنگەکان، خۆرە کە دڵپەزێرترین گەرما بە سرووشت و پێستی مرۆڤەکان دەبەخشێت و خۆرە کە هەموان لە چاوەڕوانی دان بۆی و دڵیان بۆی تەنگ دەبێت؛ لەبەر ئەوەشە کە لەناوەڕاستی ئاڵادایە شوێنەکەی. وەلێ مانوس بێڕەحمترین خۆری جیهانی هەیە. ئەگەر دەرفەتی هەبێت هەموو شتێک دەسووتێنێت.» (صفحە ٨٨-٨٩)

دواتر دەبێت بە خەیاڵکردنی کوردستان و مەیل و تاسەکردنی :«دێوانەم من... ئێرە کوێیە؟ بۆچی شەو ئەوەندە ترسناک بووە و بۆچی خەوم لێناکەوێت؟.....من لەکوێوە هاتووم؟. لەسەر زەمینی ڕووبارەکان، تاڤگەکان، ئاوازە دێرینەکان، وە چیاکان. لە لادێیەکی بچوکی چەقی جەنگەڵێکی دێرینی داربەڕوو.... دایکم هەناسەیەکی گەرمی دەکێشا و دەیگوت:«کوڕەکەم تۆ درناوی ساڵی فرار فرار هاتیتەسە وەدنیا.» (صفحە ٢١٣)

هەربۆیەش کە لانی ڕۆمی دەڵێت: «هرکسی کو دور ماند از اصل خویش، باز جوید روزگار وصل خویش. هەرکەسێک دوور لە بنەچەی خۆی کەوێ، سەرئەنجام ئەو گەشتن بە بنەچە و ڕەسەنی خۆی دەوێ» (صفحه ١٣-١٤، نثر و شرح مثنوی شریف جلد اول: دفتر اول و دوم، عبدالباقی گولپینارلی، ترجمه و توضیح توفیق ه. سبحانی، چاپ پنجم، زمستان ١٣٨٩، سازمان چاپ و انتشارات)

وویتن و گەڕان بە دوای ڕەسەنیەتی و ئەسڵی خۆدا کە سەرچاوەکەی دایکە لەنێو هەروا هوریایی یاخیبونەکەی زیندانەکانی مانووس، دایک وەک خوازە و ڕەمز: «کێ بوو بانگی دایکی کرد؟ کوردەکان باش دەناسم، پەیوەندی دایکان و کوڕانی کورد لەگەڵ پەیوەندی دایکان و کوڕان لە هەرشوێن و فەرهەنگێکی تردا جیاوازە: پەیوەندیەکی قوڵ، ئاڵۆز، وەهاتا کوردەکانیش خۆیان لەمە تێنەدەگەشتن، چ بگات بە کەسانێک کە کورد نین.» (صفحە ٢٨٢-٢٨٣).

کوژاندنوەی مۆلیدەکەی زیندان و گولەباران بۆ کۆنترۆڵکردنی، لەوسەروبەندەدا بیری دایک وەک ڕەمز و خوازەی بیری نیشتیمان و ژیان و کەشی کەرنەڤاڵی:

«لەنێو ئەو هەموو دەنگی گولە و ناڵەدا، دەنگێکی ئاشنا لە سەرچاوەیەکی نەناسراوەوە و بەخێرای هەوا هاتە گوێمەوە و نیشت بەدڵمەوە. دەنگی کەسێک کە بە زمانی کوردی گووتی«دالگە»؛ واتە دایکە.» (صفحە ٢٨١)

دوای ناسین و ئاشنابوون بە شوێنی مانەوەی ڕاوی ڕۆمانەکەمان وەک نوێنەری کۆچبەرانی کورد، وە دروستبوونی هەستی مەیل بۆ ڕابردوو و نیشتیمان، پاش بێهیوابوونکردنەکەی وەزیر. ئێستا کاتی گەڕانو دۆزینەوەی تروسکایی هیوا و گەڕانە بەدوای هەناسەکێشان و زیندوو مانەوە بە ئومێدی گەیشتنە ئاسۆ و ژیانێکی کەرنەڤاڵی؛ باشتریش دەبێت گەر لە نیشتیمان و زێدی خۆی بێت کە کوردستانە.

ئەوانیش بریتین لە هەوڵی زیندوومانەوە و هەوڵەکانی مەیسەم فاحیشە و بیرکردنەوە لە نووسینی ئەم ڕۆمانە لەلایەن ڕاویەوە(بێهروز).

هەوڵی مانەوە و بەهیوای گەیشتنە ژیانێکی کەرنەڤاڵی هێشتا هەر لای زیندانیان نەمردبوو، بەتایبەت لەسەروبەندی دەنگۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی مەلاریا بەهۆی مێشوولەی مەلاریاوە، ئەمەش وەک گووشارێکی تری سیستەمی حاکم لە زیندان کە ئامانجی خۆڕادەستکردن بوو بە بڕاردەی گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کەلێوەی هاتبوون کۆچبەران:«ئەمە ئامانجی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوای زیندان بوو: گەڕاندنەوەی زیندانی بۆ ئەو سەرزەمینی کەلێوەی هاتبوو» (صفحە ١٣٥)، کە وەک ڕاوی دەڵێت «گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنە واتە مەرگ.»، لەگەڵ ئەوەشدا هەمووان حەبی ئەو نەخۆشیەیان وەردەگرت لەترسی مردن و بەڵێ بۆ ژیان گووتن:«خودایە من چەندێک خۆشبەختم کە ئەمشەو نامرم، من مرۆڤێکی زیرەکم کە ئێستا حەبێکی وشک لە گەدەمدایە، زیرەکم چونکە لە یەکەمین کەسەکان بووم کە نۆرەم هات.» (صفحە ١٢٦)

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

مەیسەم کێ بوو؛

«مەیسەم فاحیشە، کوڕێکی لاوی بیست و چەند ساڵێکی ئێرانی بوو، بەنزیکەیی هەموو شەوێک دوای نانی ئێوارە، هاوڕێکانی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە و چەند کاتژمێرێک سەمای دەکرد، بە تەختەیەک تەپڵی لێدەدا و گۆرانی شادی دەخوێند.» (صفحە ١٠٤)

مەیسەم بانگەشەکاری کەرنەڤاڵ و ژیانی کەرنەڤاڵی بوو لە زیندان، کە مایەی هیوا و دڵخۆشی و پێکەنینی زیندانیانیش بوو، کە ڕەگەزەکانی کەرنەڤاڵی:

«مەیسەم گاڵتە و گەپی بەهەموو شتێک دەکرد، توندوتیژی زیندان، بە هەبوونی ئەو و سەما و گۆرانیەکانی؛ بۆ چەند ساتێک لەبیردەچوویەوە. مەیسەم سۆپەر ستاری زیندان بوو. ئەو بەڕاستی ڕاستەوخۆ بەرهەڵستکاری سیستەمی فەرمانڕەوای زیندان بوو، ئەو سیستەمەی کە دەیویست هەموان وەک مەڕی قوربانی لێبکات. مەیسەم بەیەک ووشە، بۆنی ژیانی لێدەهات.» (صفحە ١١١-١١٢)

هەوڵە کەرنەڤاڵیەکانی مەیسەم، بووبوویە هۆی قەڵسبوونی بەڕێوەبەرانی زیندان و دژە کەرنەڤاڵەکان، لایەنی کەم کەرنەڤاڵێک کە بۆ هەموان بێت، کە لەڕاستیدا کەرنەڤاڵ بەمانا باختینیەکەی بۆ هەموومانە:

«شتێک کە توڕەبوونی ئەوانی زیاتر دەکرد ئەوە بوو کە هیچ بیانوویەکیان نییە تا جەژنەکەیان لێتێکبدەن، وەک هەمان کاریان کە بەرامبەر بەیاری دامە کردیان و لەسەر تەختەکە نووسییان(یاری قەدەغەیە) هەموو شتێک تێکئاڵابوو: شادی، ترس، نەفرەت، حەسادەت، تۆڵەسەندنەوە، پێکداهەڵشاخان و وەهەتا بەخشندەیی و خۆشەویستیش، هەمووی لە ئەندامە جوڵاوەکانی مەیسەمدا کۆبوونەوە و ئەو بوو کە دژی هەمووشتێک یاخی بوو بوو.» (صفحە ١٠٨)

نووسین وەک ڕزگارکەر و بەنەمری هێشتنەوەی غەمە قوڵ و نەبڕاوەکانی ڕاوی(بێهروز) وەک نوێنەری ڕەسەنی کوردی دابڕێنراو لە کوردستان:«گومان دەکەم بەباشی لەوە تێگەشتبووم، کە تەنها کەسانێک لە ڕەنجکێشانی ئەم زیندانە دەربازیان دەبێت، کە شتێک بئافرێنن، ناڵە ناڵ بکەن وناڵەیان یەکخەن، وە چوارچێوەیەکی هیوابەخشانە لەودیوی دیوارەکان و شانە هەنگەکان، بنەخشێنن.» (صفحە ١٠٠)

سەرهەڵدانی ڕووداوە کافکاییەکان لە زیندان؛ وەک کوشتنی زەبەلاحی میهرەبان بێدادگای وگۆڕانی مەیسەم هاوشێوەی گریگۆر سامسای مێتامۆرفۆسیسی کافکا. قارەمان کە لە یاخیبوونەکەدا پاڵەوانانە تێکۆشا، سوودی نەبوو هێز دیسان نابەرامبەر بوو هاوشێوەی هێزی لەشکری شا عەباسی و خانۆی قەڵای دمدم، بەراورد بەهێزی پاپو نیو گینیەکان و ئوستڕالیەکان، بۆیە کۆتاییەکەی نزیک لەکۆتای قەڵای دمدم بوو، کە ڕەزا زەبەلاحی میهرەبانیان کوشت:«چۆکا دەناڵێنێت...قارەمان دەناڵێنێت...نەغمەی باڵندە و قیژەی پیاوە بووبوونە یەک...ناڵەی سرووشت...ناڵەی مرۆڤ...هەواڵ ئەمە بوو: زەبەلاحی میهرەبانیان کوشت.» (صفحە ٢٨٧)

چی بەسەرهات سۆپەر ستارەکەمان لە زیندان، دوای یاخیبوونی زیندانیان لە مانووس و دامرکاندنەوەیان لەلایەن زیندانوانەکان و بەرپرسانی ئوسترالی و پاپو نیو گینیاوە:

sjh@univsul.edu.iq

«لەولاترەوە کوڕێکی لاوی جوان درێژ ڕاکشابوو، چاوەکانی دەگووشارد لە زۆری ئازاریان، و بانگی دایکی دەکرد. مەیسەم، هەموو شادی و یاری منداڵانەکانی، وا دەردەکەون بۆ هەمیشە لە ڕوخساری باریانکردبێت، بوو بوویە مرۆڤێکی تر: پانوپلیچ بوو بوویەوە، ترساو، شکستخواردوو...» (صفحە ۲۸۶)

زانینی ئەم فاکتە تاڵە گرنک و بەسوودە، کە کورد لەبەرامبەر جیهان یاخود زلهێزانی ناوچەکە، وەک بوونێکی بچووک وایە لە زەریای ئارامدا، هاوشێوەی بەلەمی نقومبووی ڕاویەکەمان دوای گەشتنە سنووری دەریایی ئوسترالیا گواستنەوەیان بۆناو کەشتیە جەنگیەکە:«تەنها کاتێک بۆ چەند چرکەیەک ڕاوەستام و خەریکی تەماشاکردنی نوقومبوونی بەلەمە بچوکەکەمان بووم لەنێو شەپۆلەکاندا...ئەوکاتە تێگەشتم کە چەندێک ئەو بەلەمە لەبەرامبەری زەریا و ئۆقیانووسدا بچووک و ناچیز بووە. پارچە تەختەیەکی بچووک بووە کە لەبەرامبەر گەورەی زەریادا بێ ئەندازە و بێ توانا دەینواند.» (صفحە ۶۶)

ئەی چارە چییە، ڕابەرێکی پرۆفیسۆر بەم مانایەی خوارەوە، نەوەک ڕابەری ساختەی یەک ڕەهەندی و یەک ئاڕاستەی بیرکردنەوە، بەڵکو ڕابەرێک بێت خاوەن ئەم جۆرە دیدگایەبێت: کردنەوەی ڕێی نوێ و دۆزینەوەی کەشێکی نوێ، بە چێژی هەستی شاعیرانە، دۆزینەوەی شێوازێک بۆ دۆستایەتی کەرنەڤاڵی. بە مانایەکی تر، ڕابەرێک کە کەرنەڤاڵی بێت.

ئەمە لەسەروبەندی دەرکەوتنی چەند لاوێکی خۆ بە ڕابەر زان لە زیندانی مانووس و ساتەکانی گرژیە مەزنەکەی زیندان و یاخیبوونەکەدا، کە دواتر دامرکێنرایەوە بەهێز و دانی باجێکی زۆر چ لە کوژران و چ لە بریندار لە هەمووی سەختتر بێهیوابوونێکی دەستەجەمعی زیندانیان لە ئەنجامدانی هەر کارێکی تر لە داهاتوودا، کە هۆکارەکەی بوونی ڕابەری موزەیەف و نەبوونی ڕابەری کەرنەڤاڵی بوو. ئەم دۆخەش نزیک و چوونیەکییەکی واتایی هەیە لەگەڵ کارەساتی قەڵای دمدمدا چ لەسەرەتای شەڕی وێران بوونی قەڵاکەوە چ دوای شەڕە دەرئەنجام تراژیدیەکەی بۆ کورد.

چارە ڕابەرێکی کەرنەڤاڵییە:

«ڕابەرانی واقعی، لە ڕەفتاریاندا جۆرێک لە پرۆفیسۆریان تێدایە! پرۆفیسۆر بوون...پرۆفیسۆربوون...بەڵێ، ئەمە تێگەیشتنێکە کە یەک ڕابەر دەکاتە کاریزمایی. پرۆفیسۆر بوون واتە کردنەوەی ڕێگای تازە، دۆزینەوەی فەزایەکی نوێ بە تام و هەستی شاعیرانە، دۆزینەوەی شێوازێک بۆ خۆشەویستی و دۆستایەتی. هەڵبەتە پرۆفیسۆر بوون یەکسانی جۆرێک لە پیرۆزی نییە، ئەگەرنا من هەر لێرەدا، لەکاتێکدا لەسەر کورسیەکەم دانیشتووم، دەتوانم هەستمە سەرپێ، جگەرەیەک داگیرسێنم، شەرواڵەکانم داکەنم و، میز بکەم بەسەر هەموو جیهاندا.» (صفحە ۲۶۳)

(وەرگێری کوردیەکەش ئەم چەند دێرە لە ئینگلیزییەکەوە بەشێوەی شیعر وەرگێڕاوە کە ئینگلیزیەکەی هەر بەشێوەی شیعر کردوویەتی، بەڵام نازانین بۆ لەبری ووشەی پرۆفیسۆری دەقە فارسیەکە، وشەی پێغەمبەری یاخود پەیامهێنەرییان بەکارهێناوە. لاپەڕە ٤٠١ وەرگێڕانە کوردیەکە، لاپەڕە ۲۸۹ وەرگێڕانە ئینگلیزیەکە)

لەبەر ئەوەیە ئێمە ڕەخنەی ڕێبەرایەتی ڕابەرانی کورد دەکەین، کە بەم دیدگا و تێگەشتنەوە ڕابەرایەتی کوردیان نەکردووە و یاخود ناکەن.

بە پوختی و لەچەند دێرێکدا، ڕۆمانی هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکان؛ لەلایەک، یەکێکە لە دەرئەنجامە تراژیدیەکانی کورتبینی و چەقبەستووی و یەک ڕەهەندی ناسیۆنالیزمی ڕابەرانی کورد لە دوای میدیاوە بەگشتی و تا دەگات بە خانۆ و

ڕابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەردەمی ڕەزاخان و محمد ڕەزای کوڕی و بەدیاریکراویش سەردەمی خومەینیی یە. لەولاشەوە، بەتاسەبوون و نۆستالۆژیا و مەیلە بۆ نیشتیمان و ژیانکردنەوە لە کوردستان بەڵام لە کەشێکی کەرنەڤاڵی بەڵێکردندا بۆ ژیان بەشادی.

**ئەنجامگیری**

یەک، تیۆریایی کەرنەڤاڵی باختین وەک یەک لە پسێنەرانی زنجیری بەستنی کورد بە ئەشکەوتی دەمارگیری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمی نەرێنی کوردی؛ ڕێگایەکی ژیربیرانەو کرداری ئەو هاتنە دەرەوەیە لە ئەشکەوتی نەبینینی ڕێگەچارەی تر و ڕزگارکردنی کورد لە شوێنکات و دۆخە سەخت و جەبریەکەی بۆ دۆخێکی باشتر و سازتر و هەڵکردو لەپێناو هێشتنەوەی کورد لەشوێن و واری مێژووی خۆی و کارکردن لەسەر ئەو ئەگەر و توانستانەی نەتەوەی کورد کە دەیکاتە میللەتێکی خاوەن قابلیەتی مانەوەو هەڵکردن لەدۆخە سەختەکەیدا. هەروەها گەڕانەوەی بۆ ناوخۆیی و کارکردن لەسەرخۆیی و لەسەر توانستەکانی تری بۆ بوونە نەتەوەیەکی جیاوازی، جیاوازی دروستکەری ئەرێنی و ژیاری و هاوکاربوونی لە ئاشتی بەردەوامی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بوونە هەوێن و نەواتی خاوەن ئاوەزی باش بەڕێوەبردن و پێشخستنی ئەو وولاتانەی کە بەسەریدا دابەشکراوە. بەجۆرێک زۆرینە نەتەوەییەکانی ئەو وولاتانە بەدوای کورددابێن، بوونە خاوەن قسەی کۆتایی لەو وولاتانە؛ ئەویش بە دانایی و دواتر توانایی کوردان.

دوو، دەکرێت و دەتوانرێت کەرنەڤاڵ بەمانا و تێگەیشتنە باختینەکەی و بەسوود وەرگرتن لە کەرنەڤاڵە دێرینە کوردیەکانی ناوچەی هەورامان، بەتایبەت(نەورۆز) بکرێتە کەرنەڤاڵی گەلانی ناوچەکە؛ وەک ستراتیژیەت نەوەک وەک تاکتیک و ئەلتەقیە(التقیة)؛ ببێتە یەکێک لە باشترین بژاردەکانی بەردەم کورد و نوێنەرانی کورد بۆ مانەوەیەکی هەمیشەیی بەشکۆیی شاد لە جێ و واری مێژووی ڕەسەنی خۆی، وەبگرەش گەشەشبکات و داهێنەرانە بەشداری لە باشکردنی ژیانی ناوچە و جیۆگرافیایی دەوروبەریشی بکات و بەمەش بەشدارێکی ئەرێنی و پەسەندکراوبێت، لەپێناوی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە مێرگ و واری هەمیشە کەرنەڤاڵ و هەمیشە بەڵێ بۆ ژیان.

سێ، ئەم دوو نووسەرە چەند لێکچوون و جیاوازییەکیشیان هەیە؛ لێکچووەکان: یەک، هەردوو نووسەر کوردن، بەڵام ڕۆمانەکەیان بەزمانی ڕووسی و فارسی نووسیوە. دوو، هەردوو ڕۆمانەکە موسیبەتنامە و کارەسات نامەی کوردن، کە بێتەدبیری و دەستەپاچەی کوردان خۆیان یەک لەهۆکارە سەرەکیەکەیەتی. سێ، هەردوو کارەکە کاری ئەدەبی و زۆر نزیک لە حەقیقەتن؛ گەر نەشڵێین خودی حەقیقەتی میللەتی کوردن.

جیاوازیەکانیش خۆییان دەبیننەوە لە: یەک، مێژووی ڕووداوی قەڵای دمدم سەدەی ناوەڕاستە، بەڵام هێچ دۆستێک سەدەی بیست و یەکە. دوو، قەڵای دمدم موسبەتنامەی دەستەجەمعی کوردانە کە دواتر دەبێتە کارەسات و دەربەدەری تاک تاکی کورد، بەڵام هێچ دۆستێک موسبەتنامەی تاکێکی کوردە، کە دواتر دەکرێت ناوی بنێین کارەسات و دەربەدەری دەستەجەمعی کورد، چوون بێهروز تاکێکە کە نوێنەرایەتی دەربەدەری و ئاوارەی زۆرێک لە کوردان دەکات کە پەناهەندە دەبن و ڕێگەی ئاوارەی و ئاسۆ نادیاریان گرتووەتەبەرو دەگرێتەبەر. سێ، قەڵای دمدم زیاتر چیرۆکێکی سادەو بێگرێوگۆڵی مێژووییە و کە کەمتر لای بەلای ڕەهەندە قوڵە فیکری و بوونیەکانی تاکی کورد کردووەتەوە، بەڵام هێچ دۆستێک بەهۆی تاک سەنتەری و پەنگ خواردنەوەی زۆری ڕاوی ڕۆمانەکە و نووسەرەکەی لەشوێنێک، کە زەریا و زیندان و بارهەڵگر و بیری

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەردەوامی بۆ شوێنی لەدایکبوونی؛ وایکردووە ئەم ڕۆمانەیان زیاتر لایەنی فیکریی و پرسیارە بوونیەکانی تاکی کورد و نیشتیمانەکەی کە کوردستانە تێیدا بخرێتەڕوو و بکرێتە بابەتی گفتوگۆ و شەنوکەو و خودـڕەخنەگرتن(ڕەخنە لەخۆگرتن).

بە زانینی جیاوازی و لێکچوونەکانیش دەتوانین بڵێین هەردوو ڕۆمانەکە تەواوکاری یەک و موسبەتنامەی کامڵی کوردن لە ڕابردوو و ئێستادا، بە ئەژمارکردنی بووچانی ڕاوی ڕۆمانەکەی وەک یەک لە نەوەی لانەوازەکانی سەردەمی قەڵای دمدمی دوایی سوتاندن و دەستبەسەرداگرتنی.

چوار، هاوشانی لەگەڵ ئەم ئەنجامگیریانەی سەرەوەش، بەخاڵیش چەند ئەنجامگیریەکی تر دەخەینەڕوو، کە دەبێتە کۆتا دووانی ئەنجامگیریەکە:

١) دەکرێت و ژیربیرانەشە کەرنەڤاڵ بکرێتە جۆرێک لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لەپێناو مانەوە بەشکۆوە.

٢) لەئەدەبەکەماندا ڕوونتر گرفت و برینەکانی خۆمان پیشاندەدەین و ئازادانەتر هۆکار و فاکتەرەکانی ڕوودانی کارەسات و تراژیدیاکانمان وەک کورد دەخەینەڕو ، ئەم دوو ڕۆمانەش ئەو کارەیان کردووە، بەتایبەت هیچ دۆستێک بێجگە لە چیاکان.

٣) ئەدەبیش وەک کەرنەڤاڵ؛ سەربەست و فرەدەنگ و ڕەنگە، لەبەرئەوە دوو چەکی بەهێزن بۆ دەربازبوون لە ئەشکەوتی ناسیۆنالیزم و، کردنەوەی دەرگا و کلاوڕۆژنەی نوێ و گونجاو بۆ گرفت و قەیرانە وجودیەکانمان وەک کورد.

٤) ناسیۆنالیزم جددی بوونێکی چەقبەستووە، ترسە لە کراوەی بەسەر چارە و چارەسەری بێجگە لە شەڕ و ئاشتی و نەبینینی چەندان ڕێگەی تری نێوان ئەو دووانەیە، بەوێنە کەرنەڤاڵی باختینی، کە باڵاترە لە ئاشتی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ جەبری جیۆپۆلەتیک سەختی کورد کوردستان.

٥) گەیشتن بە کەرنەڤاڵ و بەکەرنەڤاڵیکردنی جیهان وەک ئامرازێک بۆ بەکرداریکردنی فرەدەنگی و سفر کردنەوەی کێشە و نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و جیاوازی نەتەوە و پلەو ڕەگەز و ئاین، لەپێناو یەکسان کردنەوەی گرۆیی ئادەمی و یەکبونیادیی مرۆڤایەتی.

**ڕاسپاردەکان**

ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ توێژەران و نووسەرانی کورد وە نووسەرانی کوردی زمانزان و دواجار کۆنفراسی شوناسی کورد لەنێوان ئاڵنگاری و مانەوەدا، پاش خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە، بەبڕوای ئێمە ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1) زیاتر لە لایەنی نەرێنی ناسیۆنالیزمی کوردی بکۆڵرێتەوە و، ڕەهەندە جیاجیاکانی خاڵە نەرێنییەکانی بکرێتە بابەتی توێژینەوەی زیاتری ئەکادیمی.

٢) لە لایەنەکانی ئاوارەبوون و کۆچی کوردان بکۆڵرێتەوە پەیوەست بە هۆکارە نەتەوەییەکان، کاری توێژینەوەکان بەو ئاڕاستە بێت کە نەتەوەیبوون و کورد بوون زیاتر فاکتەری سەقامگیری و بەخاکەوەبەستران و گەشەکردن بێت نەوەک بەپێچەوانەوە.

٣) کاری جددی و تیمی بکرێت لەسەر شکست و شەڕەخۆترێنەکانی نەتەوەی کورد لەمێژووی خۆیدا، بەتایبەت دوای نەمانی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی میدیا. بەواتایەکیتر، کاری تیمی بکرێت لەسەر دروستکردنی ئینسایکلۆپیدیایەک تایبەت بە شکست و نووشووستی و نەگبەتی و وێرانبوون و دەربەدەرییەکانی کورد بکرێت، بەو ئاڕاستەیەدا کە وانەو پەند و دانایی لێوەربگیرێت بۆ هەنگاو و بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئێستا و داهاتووی کورد.

٤) دیراسە و توێژینەوەی تیمی لەسەر ئەوە بکرێت گەر لە دوای میدیاوە یاخود لە قەڵای دمدمەوە کوردان ڕێگەچارەی ئاوەزمەندانەی جۆراوجۆریان بگرتایەتەبەر، بۆ ڕێگیریکردن لەشەڕ و نەچوونەناو شەڕی نابەرامبەرەوە، ئێستا نیشتیمانی کوردان لەڕووی ئاوەدانی و ژیاریەوە لە چ ئاستێکدا دەبوو. واتە توێژینەوەی فلاشباکی بۆ ڕووداوەکان و گۆڕینی پێش کارەساتەکان بە گرتنەبەری بێجگە لەشەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی نابەرامبەر؛ لەپێناو وەچنگخستنی فاکت و بەڵگەی دامیغ بۆ بڕیارەکانی ئێستا و داهاتووی کورد و وتەبێژانی کوردان.

٥) ئایا دوا پلەی ڕوشد و پێگەیشتنی نەتەوەیەک ئەوەیە کە دەوڵەتی هەبێت یاخود ئایا دەوڵەت دوا پلەی پێگەیشتنی نەتەوەیەکە، هەروەها ئایا پێویستە و هەر دەبێت هەموو نەتەوەیەک وڵاتی هەبێت. هەروەها بۆ مانەوەی نەتەوەیەک دەوڵەت پێویستە. نەتەوەیەک چ شتێک بکاتە جێی چاوتێبڕین و دوا ئامانجی نەمر و ماندگاری خۆی؟ ئەم پرسیارانە بکرێنە بابەتی توێژینەوەی جددی.

٦) توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەگەرەکانی توانستی گۆڕینی کەرنەڤاڵ بەجۆرێکی کاریگەری خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد، بکرێت. کاری توێژینەوەکان وەک کارکردن لەسەر بەردەستخستنی بژاردەی زیاتر و کاریگەرتر سەیر بکرێت بۆ کورد و نوێنەرانیان؛ بژاردەی زیاتر لە شەڕ و ئاشتی، کە کەرنەڤاڵیش پاش زیاتر دیراسەکردن و توێژینەوە لەسەری بخرێتە ڕیزی بژاردە یەکەمینەکان، بەزانینی ئەوەش کە کەرنەڤاڵ بەمانا و تێگەیشتنە باختینیەکەی باڵاترە لە ئاشتی.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

- ڕۆمانی قەڵای دمدم، عەرەب شامیلۆڤ، گۆڕینی بۆ کرمانجی خواروو شوکور مستەفا، چاپی دووەم، ٢٠١٠، هەولێر، دەزگای ئاراس.

-گێڕانەوەی کارەساتی قەڵای دمدم لە نێوان کتێبی مێژووی عالەم ئارای

عەباسی ئەسکەندەربەگی تورکمان و ڕۆمانی دمدمی عەرەب شەمۆ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر حەسەن سەرباز، نوع مقالە: پژوهشی، تاریخ دریافت: ٥ اسفند ١٤٠٠؛ تاریخ پذیرش: ١٨ شهریور ١٤٠١؛ صص. ١٨، پژوهشنامە ادبیات کردی

بهار و تابستان ١٤٠١

سال ٨ ، شمارە ١ ، پیاپی ١.(https://www.doi.org/10.34785/J013.2022.010)

sjh@univsul.edu.iq

-هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان: بەسەرهاتی ڕاستەقینەی پەنابەرێکی بە نایاسایی زیندانیکراو، بێهروز بوچانی، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی هاشم ئەحمەدزادە، چاپ یەکەم، ٢٠١٩، چاپخانەی تاران، بڵاوکار: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

-من ناوم سوورە، ئۆرهان پامۆک، وەرگێرانی بەکر شوانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٩، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

-مێژووی میدیا، دیاکۆنۆف ئیگەر میخایلۆفیچ، لە ڕووسییەوە د. پێشەوا خالید، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

- سفری لەماڵ مانەوە: چوونەدەر لە ماڵی نائومێدی، مەنسوور تەیفووری، چاپی یەکەم، ٢٠٢٤، چاپخانەی تاران، بڵاوکار: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

هەواری خاڵی- سەرجەمی نووسینی هێمن، چاپی دووەم، ٢٠٠٦، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

- هیچ دوستی بە جز کوهستان، بهروز بوچانی، چاپ اول، نشر چشمه.

- کریم خان زند، جان ر. پری، ترجمه کاظم فیروزمند، چاپ دوم، ١٣٩٨، نشر نامک.

- اندیشهٔ عرب در عصر لیبرالیسم، آلبرت خورانی، ترجمهٔ علی شمس، چاپ اول، ١٣٩٣، نشر نامک.

- انقلاب، هانا آرنت، ترجمهٔ عزت الله فولادوند، چاپ سوم، ١٣٨١، تهران، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی.

-فهم قرآن حکیم تفسیر سورةهای قرآن براساس نزول، جلد اول، محمد عابد الجابری، ترجمهٔ محسن آرمین، چاپ اول، ١٤٠٠، نشر نی.

-نثر و شرح مثنوی شریف جلد اول: دفتر اول و دوم، عبدالباقی گولپینارلی، ترجمه و توضیح توفیق ه. سبحانی، چاپ پنجم، زمستان ١٣٨٩، سازمان چاپ و انتشارات.

-أز رومان تا میلت: پژوهشی در گفتمان روایی فارسی و کوردی، دکتر هاشم احمدزاده، ترجمه دکتر بختیار سجادی، ١٣٨٦، چاپ اول، دانشگاه کردستان.

-فیلم: زمانی برای مستی اسبها، نویسنده و کارگردان بهمن قبادی، زمستان ٧٧-٧٨.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

-أعمال فرانسوا رابيليه والثقافية الشعبية في العصر الوسيط و إبان عصر النهضة، ميخائيل باختين، ترجمة و تقديم سمير نصرالدين، الطبعة الاولى، 2015، منشورات الجمل بغداد_ بيروت.

-من يمتلك العالم، نعوم جومسكي، ترجمة وإعداد أسعد الحسين، 2014، ديمشق، دار نينوى.

-حفارو القبور: الحضارة التي تحفر للإنسانية قبرها، روجيه جارودي، ترجمة عزت صبحي، الطلعة الثالثة، 2002، القاهيرة، دارالشروق.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

-Rabelais and His World, Mikhail Bakhtin, Translated by Helene Isowolsky, 1984, First Midland BookEdition, Indiana University Press.

-Problems of Dostoevsky's Poetics, Mikhail Bakhtin, Translated by Caryl Emerson, Eighth Printing, 1999, The University of Minnesota Press, The University of Minnesota

-Literary Criticism: An Introduction to Theory and Practice, Charles E. Bressler, Fifth Edition, 2012, Longman Pearson.

-Dialogisim: Bakhtin And his World,Michael Holquist,1990, Rutledge Firm.

No Friend But The Mountains: Writing From Manus Prison, Behrouz Boochani, Translated by Omid Tofighian, First Edition, Picador Pan Macmillan Australia.

-Book Seven, Republic, Plato, Translated by Paul Shorey, Collected Dialogues, Part 1, Edited by Edith Hamilton and Huntington, Fifteenth printing June 1994, Princeton University Press at Princeton, New Jersey, USA.

-Who Rules the World?, Noam Chomsky, First Edition, USA& UK, Penguin Random House.

-The Essential Kafka: The Trial, The Castle, Metamorphosis, Letter to My Father and Other Stories, Translated With an Introduction by John Williams, This Edition Published 2014, Wordsworth.

-Film: Good Kurds, Bad Kurds: No Friends But The Mountains, By Kevin Mckiernan, 2000.

-Film: Dunki, Director Rajkumar Hirani, Production RHFilms, 2023.

Stepping out from Nationalism’s Cave: A Bakhtinian Study of Arab Shamo’s Novel *The Fortess of Dimdim* and Behrouz Boochani’s Novel *No Friend but the Mountains*

**Abstract**

Dogmatism and rigidity result from resisting and failing to adapt to the era and the rapid changes of the world. And what kind of world is this? A post-metaverse, post-artificial intelligence world. If such dogmatism and rigidity stem from nationalism and a singular mode of national politics—one that imposes an unequal and unjust stance toward other nations and lands (in this case, the Kurdish nation and Kurdistan)—then the catastrophic consequences will be far beyond a mere political issue; they will transform national reflection into an existential crisis rather than a normal or conventional concern. Breaking away from this dogmatism and finding an insightful, suitable alternative is the task of research and intellectual-literary critique. In this study, we attempt to identify one of these logical and realistic alternatives. Our research consists of: An introduction, The theoretical framework based on Mikhail Bakhtin's carnival theory, which serves as the foundation and conceptual lens for analysing two literary works: The First section on The Fortress of Dimdim an epic by Arab Shamo and the second section on No Friend But the Mountains a novel by Behrouz Boochani, The final part of the study focuses on the conclusions and findings, examining the literary analysis of these two Kurdish works through the lens of Mikhail Bakhtin's carnival theory.

Keywords: Nationalism, Bakhtin, Carnival, Castle of Dimdim, Shamo, No Friends, Boochani, Kurd, Kurdistan.

sjh@univsul.edu.iq